



وتووێژی گۆڤاری "والاپرێس" ...
٤



دیمۆکراسی لە کۆماری کوردستاندا
٥



لە ئینشعابەوە بۆ یەکگرتنەوە
٨



پارێزگای نوێ یا خود گۆڕینی...
٩



ئیسلامخوازەکان دوای مەشرووتە...
١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـانی ئێـران

ژمارە ٦٢١، دووشەممە، ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢، ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


### پەیامی مستەفا هیجری بەبۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام

بەبۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری موسوڵمانان حەزرەتی محەممەد (درودی خوای لێ بێ) پیرۆزبایی گەرمی خۆم ئاڕاستەی هەموو موسوڵمانان و بە تایبەتی خوشك و برا کوردە موسوڵمانەکانمان لە کوردستانی ئێران دەکەم.

بە هیوای ئەوەی پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام و هەموو ئایینەکانی دیکە لە ئاشتی و برایەتیدا بژین و هەموو لایەك ڕێز دابنێن بۆ بیروباوەڕی ئایینی یەکتر.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری

## پـەیـڤ

ناهید حسێنی

### "کوردستان"

بڵاوکراوەی لە شێوەی ڕۆژنامە لە ئێراندا، مێژوویەکی نزیك بە ٢٠٠ ساڵی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشاکانی قاجار کە لەو سەردەمەدا بە "کاغەز ئەخبار" ناوی لێ براوە. ئەو بڵاو کراوانە بە گواستنەوەی ئەزموونە هاوشێوە ئەورووپاییەکان زمانحاڵی دەسەڵات و بڵاوکەرەوەی بیر و هەواڵەکانی دەربار بووە. یەکەمین بڵاوکراوەی کاغەز ئەخبار لە لایەن میرزا ساڵحی شیرازیی کازرونییەوە، ساڵی ١٨٣٧ی زایینی بڵاو کراوەتەوە.

پیشەی ڕۆژنامەوانیی لە ئێراندا لە سەرەتاوە پشتبەستوو بە ئەزموونە ڕۆژئاواییەکان و لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوەچووە کە لەدەرەوەی وڵات ژیاون و ئەزموون، یان خوێندنی ڕۆژنامەوانییان هەبووە. وەکوو هەموو پیشە و هونەرێکی هاوردەکراوی دیکەش، کاری ڕۆژنامەوانیی و بڵاوکراوەیی، ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و ڕەنگ و بۆنی خۆجێیی و نەتەوەیی بەخۆوە گرتووە. پاش شۆڕشی مەشرووتە و چوونەسەرەوەی ئاستی وشیاریی گشتی، ڕۆژنامەکان ڕێژەیان زیادی کرد و دەتوانین بڵێین وردە وردە ڕاگەیاندن لە پاوانی دەسەڵاتەوە شۆڕ بووەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە و ڕۆڵێکی کاریگەرتر و چالاکتری پەیدا کرد.

ڕۆژنامەوانیی کوردییش مێژوویەکی ١١٦ ساڵەی بڕیوە و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی، بە ناوی "کوردستان" لە شاری قاهیرە، وەکوو خەباتێکی سەردەمیانە بەسەردەستی میقداد مەدحەت بەدرخانەوە، وەکوو یەکەمین سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامە و بە گشتی بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژنامەیەك کە خۆی و خاوەنەکانی ژیانی تاراوگە و هەوراز و نشێوی زۆریان بە خۆوە بینی.

لە کوردستانی ئێرانیش، لە دەرئەنجامی ئەو دۆخە کراوەیەی پاش جەنگی جیهانیی دووهەم هاتبووە ئاراوە و دۆخی هەستیار و ڕەخساوی ئەوکاتی کوردستان و بەتایبەتی شاری مەهاباد، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، هەر بە ناوی "کوردستان"، وەکوو بڵاوکرەوەی بیری حیزبی دێموکرات لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٠/٢٠دا، ڕوویەکی گەشاوەی دیکە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی بوو کە ئەویش هاوکات لەگەڵ مانەوە و بەردەوامییەکەی، بە پێی سروشتی خەباتی نەتەوایەتی لەو پارچەیەی کوردستان، هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. ئێستاش پاش ٦٨ ساڵ خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی کوردستان لە وەشانی خۆی بەردەوامە و بە هۆی دەروەست بوون و پابەند بوونی بە بنەماکانی ڕۆژنامەوانی، بەردەنگەکانی خۆی ڕاگرتووە. لە یادی ٦٨ ساڵەی بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامەکەماندا، ڕێز لە خەباتی ڕۆژنامەوانیی ئەو کادر و پێشمەرگە ئەمەکدار و زەحمەتکێشانە دەگرین کە ڕۆژنامەی کوردستانیان گەیاندۆتە ئەمڕۆ و بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین دەروەستانە بەرامبەر بەو ئەرکە مێژووییەی کەوتۆتە ئەستۆمان بجووڵینەوە.

# بە هاتنی پشکێنەران، تەسلیمی ناوکی دەستی پێکرد




پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بە مەبەستی چاوەدێری بەسەر ڕەوتی هەنگاوەکانی ئێران لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ناوکیی ئەم وڵاتە لەگەڵ گرووپی ١+٥، ١٨ی ژانویە گەیشتنە ئێران.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبیە و لە زاری هەواڵنێرییەکانی نێوخۆی ئێران، بەرپرسایەتیی گرووپی پشکێنەران لە ئەستۆی ماسیمۆ ئاپارۆ، جێگری سکرتێری گشتیی ئاژانسی وزەی ناوکی و بەرپرسی پادمانی ئاژانسە کە لەگەڵ پێشوازیی کاربەدەستانی ڕێکخراوی وزەی ناوکیی ڕێژیم گەیشتە تاران.

بە پێی ڕاپۆرتەکان، پشکێنەرانی ئاژانس بۆ چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی ڕێککەوتنی تاران لەگەڵ ١+٥ چوونەتە ئێران و سەرەڕای چاوەدێری بەسەر هەوڵەکانی ئێران لە هەنگاوی یەکەمی ڕێککەوتندا لە ٣٠ی بەفرانبار، لەمەڕ خاڵە تکنیکییەکانیش لەگەڵ کارناسانی وزەی ناوکیی ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن.

ئەم پشکێنەرانە بڕیارە لە دامەزراوە ناوکییەکانی نەتەنز و فۆردۆ جێگیر بن تا چاوەدێری بکەن بەسەر هەوڵەکانی ئێران، بۆ وێنە پیتاندنی ٢٠لەسەدی، بە ئۆکسیدکردنی پاشکەوتی ئۆرانیۆمی ٢٠ لەسەدی و خەستکردنەوەی ئەم پاشکەوتانە.

بە پێی ڕێککەوتنامەی ناوکیی نێوان ئێران و گرووپی ١+٥ کە نزیك بە دوو مانگ لەمەوپێش لە ژێنێڤ بەسترا، تاران بەشێك لە چالاکییە نا وکییە کا نی خۆی هەڵئەپەسێرێ و لە بەرامبەردا، بەشێکی چووکە لە گەمارۆکانی سەر ئێران، هەڵ ئەپەسێردرێن.

ئەم پاشەکشە ئاشکرایەی ڕێژیم لە کاتێکدایە کە حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ڕێژیم لە نێوئاخنی لێدوانێکیدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ئەهواز، ڕێککەوتنامەی ژێنێڤی بە نیشانەی شکست و پاشەکشەی زلهێزە جیهانییەکان لە بەرامبەر ئێراندا زانیبوو.

شایانی باسە کە کاربەدەستانی ئێران لەم چەند ساڵەی دواییدا بەردەوام پاشەکشە لە پرۆگرامە ناوکییەکانی خۆیانیان بە هێڵی سوور ناوزەد کردووە و گەمارۆ جیهانییە پێوەندیدارەکانیان بە ناکارامە وەسف کردبوو.

## ئاشکرابوونی هەوڵی سوپای پاسداران بۆ دامەزراندنی کۆمپانییە ساختەکان لە دەرەوەی وڵات

ڕۆژنامەی شەرقۆلئەوسەت لە ڕاپۆرتێکدا کە ڕۆژی شەممە ١٨ی ژانویەی ٢٠١٤ بڵاوی کردەوە، هەواڵی دامەزراندنی کۆمپانیا ساختەکانی سوپای پاسدارانی لە چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئۆرووپای بڵاو کردەوە.

شەرقۆلئەوسەت لە زاری سەرچاوەگەلێکەوە کە ئێرانی نین، لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا هێناویەتی کە سوپای پاسداران بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا ساختەکان بە مەبەستی دەورلێدانەوەی گەمارۆکان، لە کاربەدەستانی باڵای ئێران ئیزنی وەرگرتووە.

ئەم کۆمپانیانە لە دۆبەی، تورکیە، ئۆتریش، یوونان و قیبرس دادەمەزرێن تا لە کاتی پێویستدا، لە باتی ئەو کۆمپانیانەی کە بەر گەمارۆ نێونەتەوەییەکان کەوتوون کەڵکیان لێ وەرگیردرێت.

دوای ئاشکرابوونی بەخشنامەیەکی نهێنی کە لە ڕیکەوتی ٢٢ی ئاوریلی ٢٠١٣دا بە پەسەندی ئەنجومەنی باڵای سوپای پاسداران گەیشتووە، ئەمە یەکەمین جارە کە بڕیارێکی ئێران بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا ساختەکان ئاشکرا دەکرێت.

ڕۆژنامەی شەرقۆلئەوسەت لە زاری سەرچاوەیەك کە ئێرانی نییە و پێوەندییەکی ئابووریی بەربڵاوی لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەرگێکی لەم بەڵگەیە کە بە واژۆی موحەمەد ڕەزا ڕەحیمی، جێگری ئەحمەدی نژاد گەیشتبوو، وەرگرتووە کە پیشان دەدا کۆمپانیای خاتەمولئەنبیا سەر بە سوپای پاسداران هەموو چالاکییە ئابوورییەکانی پێوەندیدار بە پرۆگرامی ناوکیی ئێرانی لە ژێر ڕکێفیدایە.

لە یادداشتێکدا کە لە پەراوێزی ئەم بەڵگەدا هاتووە، جەخت کراوەتەوە کە پڕۆژەی دروستکردنی کۆمپانیا ساختەکان لە لایەن حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ئێستای ئێرانەوە، تا ماوەیەکی دیاری نەکراو نوێ کراوەتەوە.

بە پێی ئەم بەڵگەیە، هەموو چالاکییەکانی ئەم کۆمپانیا ساختانە بە نهێنی دەمێنێتەوە و ڕاپۆرتی چالاکییەکانی خۆیان تەنیا بە وەزیری ئابووری ڕادەگەیەنن. وەزیری ئابووریش ناوەناوە ڕاپۆرتەکان دەداتەوە بە سەرکۆمار.

## ژێنێڤی ٢، کۆنفڕانسێک بۆ تێپەڕین لە ئەسەد

جان کێری وەزیری دەوەری ئامریکا ڕۆژی هەینی ١٧ی ژانویە وتی بەشار ئەسەد لە داهاتووی سووریەدا هیچ ڕۆڵێکی نابێت.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ڕۆیتێرز، کێری کە پاش وتوویژ لەگەڵ هاوتا مێکزیکی و کانادایییەکانی لە پرێس کۆنفڕانسێکدا قسەی دەکرد، ڕایگەیاند: "ئەگەر ئەسەد لەسەر گواستنەوەی سیاسیی دەسەڵات وتوویژ نەکات، قەیرانی سووریە ڕێگەچارەی سیاسیی نییە. ئەگەر ئەو وا بیر دەکاتەوە کە بەشێکە لە داهاتووی سووریە، ئەوە روو نادات."

ناوبراو ئەوەشی وت: "بژاردەکانی ئێمە بۆ گوشارهێنان بۆ سەر بەشار ئەسەد، کۆتاییان پێ نەهاتووە."

کێری لە درێژەدا وتی، ئەسەد بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە بەرامبەر تیرۆریستەکاندا بەرگری لە سووریە دەکات، بەڵام ئەمە خودی ناوبراوە کە پاڵپشتی لە تیرۆریستەکان دەکات و ئەوانی هێناوەتە نێو خاکی سووریە.

وەزیری دەرەوەی ئامریکا هەروەها هۆشداری دا بە ئەسەد کە ئەگەر پابەند نەبێت بە بەڵێنییەکانی، لەگەڵ دژکردەوەی توندی کۆمەڵگای جیهانی بەرەوڕوو دەبێتەوە.

وەزیری دەرەوەی ئامریکا ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە لە لێدوانێکی تەلەڤیزیۆنیدا وتبووی ئامانج لە کۆنفڕانسی ژێنێڤی ٢، پێکهێنانی دەوڵەتێکی کاتییە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنەکانی کۆنفڕانسی ژێنێڤی ١.

هەر بەمپێیە، ڕۆژی شەممە، ١٨ی ژانویە هاوپەیمانیی نەتەوەیی دژبەرانی سووریە لە دوایین کاتژمێرەکانی دانیشتنی دوو ڕۆژەی خۆیاندا، لە ئیستانبۆل ڕەزامەندیی خۆیان بۆ بەشداری لە دووهەمین کۆنفڕانسی ئاشتی سووریە ڕاگەیاند.


کۆنفڕانسی ژێنێڤی ٢ ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو (٢٢ی ژانویە) لە شاری مونتێرۆی سوویس بەڕێوە دەچێت.

## سەردانی شاندێکی حیزبی شیووعی لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات



ڕێکەوتی ٢٥ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی شیووعیی کوردستان بە سەرپەرستیی "کەماڵ شاکر" سکرتێری حیزبی شیووعیی کوردستان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری" پێشوازیی لێکرا. لەو دانیشتنەدا باسی مەسەلە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە کورد و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و هەروەها پێویستیی هەرچی زیاتری لێك نیزیك بوونەوەی هێز و لایەنەکان کەوتە بەر باس. لە بەشێکی دیکەی ئەو هاودیتنەدا، سکرتێری گشتیی حیزب سەبارەت بە ڕۆڵی تێکدەرانەی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران و ڕۆڵی ئەو ڕێژیمە لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەدا هێنایە بەرباس. هەروەها دانیشتنی ئێران و گرووپی پێنج زێدە یەك و توندوتیژبوونی سەرکوت و ئیعدامەکان لە ئێران پاش هاتنە سەرکاری رووحانی بەشێکی دیکە لە باسەکان بوو. لەو دانیشتنەدا چەندین بابەتی پێوەندیدار بە بارودۆخی کورد هاتە ئاراوە و لە کۆتاییشدا لەسەر بەردەوامیی پێوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوو حیزب پێداگری کرایەوە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی ڕەزا مەرزبان



ڕێکەوتی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردنی "ڕەزا مەرزبان" ڕۆژنامەنووسی بە ناوبانگی ئێرانی لە گۆڕستانی "پێرلاشێز"ی پاریس لە وڵاتی فەڕانسە بەشداریی کرد. لەو ڕێوڕەسمەدا شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە دانانی چەپکە گوڵێك، ڕێزی لە هەڵوێستی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئێرانییە لەمەڕ پاڵپشتییەکانی لە دۆخی ڕەوای نەتەوەی کورد کرد.

ڕەزا مەرزبان یەکێك لە پشتیوانان و لایەنگرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد و یەکێك لە دۆستانی نزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

## دیداری نوێنەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ پارلمانتاری پارتی "فینگال"ی ئیرلەند



هەڵاڵە ئەحمەدی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئیرلەند، لەگەڵ "فرانك فین" پارلمانتاری پارتی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە کۆبووەوە. لەو هاودیتنەدا هەڵاڵە ئەحمەدی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە وڵاتی ئیرلەند، سەبارەت بە مێژووی حیزبی دێموکرات، ڕۆڵی ئەو حیزبە لە ڕابردوو و ئێستادا و هەروەها گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ پارلمانتاری سەر بە پارتی دەسەڵاتداری ئیرلەند دوا. دۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران، لە سێدارەدانی زیندانییانی سیاسیی کورد و نەتەوەکانی ئێران و هەروەها ڕێککەوتنی ڕێژیمی ئێران و گرووپی ١+ ٥، بەشێکی دیکە لە قسەکانی نوێنەری حیزبی دێموکرات لەو چاوپێکەوتنەدا پێکهێنابوو.

## گرفتی کەمیی گاز لە پارێزگاکانی کوردستانی ئێران

بە دەسپێکی وەرزی زستان و هاتنی سەرما و سۆڵە، فشاری گاز لە پارێزگاکانی ئیلام، سنە، کرماشان و ورمێ دابەزی و کێشەیەك کە هەمووساڵێك لە وەرزەکانی سەرمادا بەرۆکی هاووڵاتییان دەگرێتەوە. دابەزینی فشاری گاز و پچڕانی گازی نێو ماڵەکان لە کوردستانی ئێران لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژێکدا ٢٠ میلیۆن میتری سێجا گاز هەناردەی وڵاتی تورکیە دەکات. سەرەڕای پچڕانی گاز لە ماڵەکاندا، زۆربەی یەکە پیشەییەکانی ئەو پارێزگایانەش لەگەڵ کەمیی پشکی گاز و سووتەمەنی بەرەوڕوو بوونەتەوە. بەهۆی خەمساردیی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ساڵانە و بەتایبەت لە وەرزەکانی سەرمادا هاووڵاتییانی کورد لەگەڵ گرفتی کەمی و پچڕانی گاز بەرەوڕوو دەبنەوە.

## لە کوردستان، جێژنی ٢ی ڕێبەندان بە چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانی حیزب بەرز ڕاگیرا

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٦٨ەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە نووسینی دروشم، بڵاوکردنەوەی پووستێر، تراکتی حیزبی، سی دی و وێنەی ڕێبەرانی شەهید، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. ئەم چالاکییانە لە کەش و دۆخێکی ئەمنییەتیدا کە هێزەکانی ڕێژیم لە نێو شارەکاندا لە "ئامادەباشی"دا بوون و زۆربەی شەقام و شوێنە گشتییەکان چاودێرییان لەسەر بووە، بەڕێوەچووە. بە هۆی زۆر بوونی شوێنەکان تەنیا ئاماژە بە ناوی شارەکان دەکەین. بۆ خوێندنەوەی زیاتری هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ٢ی ڕێبەندان سەردانی ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" بەکەن.

شارەکانی: سنە، ڕوانسەر، مەریوان، پیرانشار، نەغەدە، بۆکان و مەهاباد.

## دیداری نوێنەرانی حیزبی دێموکرات و پارتی کرێکارانی نۆروێژ

ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی "عەزیم ئەلیاسی" نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆرویژ لەگەڵ "ماری وێست" بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی کرێکارانی نۆرویژ دیدار و چاوپێکەوتنی پێکهێنا. لەو دیدارەدا کە لە دەفتەری پارتی کرێکارانی نۆرویژ بەڕێوەچوو، کۆمەڵە بابەتێکی وەك: پێوەندیی نێوان دوو لایەن، مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بە دەستی ئەو حیزبە، ئاشتیخوازانەبوونی خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، بارودۆخی ئێران و کوردستان، زیادبوونی ڕێژەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان، گوشار بۆسەر چالاکانی سیاسی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەسێدارەدانی زیندانییانی کورد، باسەکانی دانیشتی هەر دوو نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ و پارتی کرێکارانی نۆروێژی پێکهێنابوو.

## حەسەنی، نوێنەری وەلیی فەقیە لە ورمێ دەستی لەکار کێشایەوە

هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، نوێنەری وەلیی فەقیە لە ورمێ و یەکێك لەنزیکانی بەیتی ڕێبەری لە ئێران، دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرت. لێژنەیەك لەلایەن عەلی خامنەیی ڕێبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ڕەوانەی شاری ورمێ کراوە و ئەو لێژنەیە هەڵگری پەیامی لابردنی غوڵامڕەزا حەسەنی لە نوێنەرایەتیی کردنی وەلی فەقیە بووە. حەسەنی ساڵی ١٣٥٨ وەکوو ئیمام جومعەی شاری ورمێ دیاری کرا و لە ڕووداوەکانی "ئینقلاب" و پرسی حیزبە کوردییەکان لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی سەرەکیی لە توندوتیژییەکاندا هەبووە و بە کوشتنی بەکۆمەڵی کوردەکان بەتایبەت کۆمەڵکوژیی ئاوایییەکانی "قارنێ" و "قەڵاتان" تاوانبارە. هەروەها لە کوشتاری زیندانییانی سیاسیی زیندانی ورمێ لە ساڵەکانی دەیەیی ٦٠ی هەتاوییدا دەستی باڵای هەبووە.

## لە شارەکانی شنۆ و مەریوان شەوە شیعر بەڕێوەچوو



ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانبار، شەوە شیعرێك بە هاوکاریی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی شاری شنو و ئەنجومەنی ئەدەبیی، ئەو شارە پێکهات و تیایدا بێجگە لە ئەدیبان، کەسانی خاوەن پلەی زانستیش بەشدار بوون. لەو کۆڕەدا یادێك لە شاعیری کۆچکردووی کورد "مارف ئاغایی" کراوەتەوە و بەو بۆنەیەوە شیعر و پەخشان خوێندراوەتەوە. مارف ئاغایی شاعیری نوێخوازی کورد لەگوندی "وەزنێ"ی سەر بەشاری نەغەدە ـ ناوچەی "سندووس" لەدایك بووە و دوای تەمەنێك خزمەتکردن بە هونەر و ئەدەبی کوردی، ڕۆژی ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٧٦، دوای گەڕانەوەی لە پرسەی "مینا خانم"ی خێزانی "پێشەوا قازی" بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەست دا. شاعیران و نووسەرانی شارەکانی شنۆ، بۆکان، مەهاباد و بانە لەو شەوە شیعرەی شاری شنۆدا بەشدار بوون و لە کۆتایی ئەو شەوە شیعرەشدا خەڵات پێشکەش بە شاعیرانی بەشداربووی ڕێوڕەسمەکە کرا.

لەلایەکی دیکەوە ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان، شەوە شیعرێکی بە بەشداریی شاعیر و ئەدیبانی کورد لەژێر ناوی "سەمای شیعر لە بەفرا"ی بەڕێوە برد. ئەو شەوە شیعرە کە نزیك بە ٣ کاتژمێری خایاند، چەندین شاعیری وەك: "شەریف موڕادی، ئارا فەتحی، ئیرەج عیبادی، جەمیل مورادی، موژدە ئازەری، عەزیز ناسری، هیوا نادری، حامید بەهرامی، ڕەئوف جیهانی، دارا ئازەر مەنش، محەمەد کەریمی، هێمن ڕەحیمی، مەسعوود بیننده، عەلی تاسە و چەندین شاعیری دیکە تیایدا بەشدار بوون.

## وەرگرتنی پارە، لە قوتابییانی "ئابدانان"

بەرپرسانی قوتابخانەکانی ئابدانان لەژێر ناوی دانی دیاری بە قوتابخانە بە زۆر داوای پارەیان لە قوتابییان کردووە و لە نامەیەکدا کە بڕە پارەیەکی دیاریکراوی تێدا نووسراوە، داوایان لێکردوون لەمەڕ شەرمەزار نەبوونی منداڵەکانتان لە قوتابخانە، ئەو بڕە پارەیە بە دیاری پێشکەش بە مەدرەسە بکەن. ئەم شێوە وەرگرتنی پوڵی بە زۆرەملی لە قوتابییان، ناڕەزایەتیی بنەماڵەکانی لێکەوتووەتەوە.

## هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی دێولان دەسبەسەر کرا



کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شاری دێولان ڕژاونەتە نێو ماڵی هاووڵاتییەك بە ناوی "حیشمەت مەتاحی" و پاش پشکنینی ماڵەکەی، دەسبەسەریان کردووە. ماڵی حیشمەت مەتاحی کە مامۆستای زمانی ئینگلیزیی قوتابخانەکانی شاری دێولان بووە، بە بێ مۆڵەتی یاسایی لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە پشکێنراوە و پاش دەسبەسەرکران تێکڕای کەلوپەلە تاکەکەسییەکانی ناوبراویشیان زەوت کردووە.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## بە تەقەی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم، هاووڵاتییەک بریندار بوو

ڕێکەوتی ٢٧ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، لە شاری مەریوان ماشینێکی جۆری پژۆ کرایە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە ئەنجامدا شۆفیری ماشینەکە بەناوی "ئاریان" بەتوندی بریندار بوو. هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بە گومانی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخ، پاش ڕاوەدوونانێکی زۆر تەقەیان لە ماشینی ئەو هاووڵاتییە کردووە و لە ئەنجامدا بەهۆی وەرگەڕانی ماشینەکە، بە توندی بریندار بووە.

ئاریان هیچ چەشنە کەلوپەلێکی قاچاخی پێ نەبووە و تەنیا لە ترسی هێزەکانی ڕێژیم ڕایکردووە.

## هێزە چەکدارەکان لە ناوچەی سەردەشت کۆڵبەرێکیان کوشت



ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، "واحید تۆفیقی" کوڕی حاجی عەوڵڵای گاکەی خەڵکی گوندی بێتووشی سەر بە ناوچەی ئالانی سەردەشت، لەلایەن هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە لە شوێنێك بە ناوی دۆڵان، درایە بەر دەستڕێژ و گیانی لەدەست دا. تەرمی ئەو کۆڵبەرە کوردە پاش ٢٤ کاتژمێر لەلایەن هاووڵاتییانی ناوچەی ئالانی سەردەشتەوە دۆزراوەتەوە. واحید تۆفیقی، کە ٦ مانگ پێش ئێستا ژیانی هاوبەشی پێکهینا بو و ، هاوسەرەکەی دووگیانە و ناوبراو تەنیا بۆ دابین کردنی بژیوی ژیان ڕووی لە کۆڵبەری کردنی سەرسنوورەکان کردبوو.

بنەماڵە و کەسوکاری ئەو کۆڵبەرە کوردە لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە هەڕەشەیان لێکراوە و پێیان وتراوە دەبێ خۆیان لە میدیایی کردنەوەی هەواڵی کوژرانی کوڕەکەیان ببوێرن.

## تەقەی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم لە سەردەشت کۆڵبەرێکی تووشی حاڵەتی کۆما کرد

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی نادر، کوڕی ڕەحمانی مام حوسێن، خەڵکی گوندی "تێبیەت"ی سەربە ناوچەی ئالانی سەردەشت لە شوێنێك بەناوی "بواری تێبەتێ" بە گوللەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران پێکرا. نادری مام ڕەحمان لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانەدا لە نەخۆشخانەی سەردەشت لە حاڵەتی کۆمادایە و باری تەندروستیی ناوبراو مەترسیدار ڕاگەیەندراوە.

## ڕەزا شەریفی بۆکانی حوکمی ٤ ساڵ دوور خرانەوە لە زێدی خۆی پێ ڕاگەیەندرا

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ڕەزا شەریفی بۆکانی لەلایەن لقی ١٣ی دادگای ئینقلابی کەرەجەوە بە تاوانی "بڵاوکردنەوەی درۆ و پەیوەندی لەگەڵ ئەحمەد شەهید" حوکمی ٤ ساڵ دوور خرانەوەی بۆ شاری گوڵپایەگان لە پارێزگای ئیسفەهانی پێ ڕاگەیەندراوە. ئەو چالاکە سیاسییە دەبێ هەتا ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ئەو بڕیارەی دادگای ئینقلابی شاری کەرەج جێبەجێ بکات و لە شاری گوڵپایەگان نیشتەجێ ببێت.

## گیراوێکی سیاسیی کورد حوکمی ٦ مانگ زیندانی بۆ بڕایەوە

ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، گیراوێکی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری سەقز بەناوی "حەیدەر حەیدەری" لەلایەن دادگای شۆڕشی شاری سەقزەوە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبێکی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، حوکمی ٦ مانگ زیندانی بەسەردا سەپا. ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە پاش دادگایی کران، ڕەوانەی گرتووخانەی شاری سەقز کراوە.



## کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ورمێ

ڕێکەوتی ١٧ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "عیسا هاشمی" ناسراو بە "عیسا بەشیری" کوڕی "بەشیر" خەڵکی گوندی "زەنگاوا"ی سەربە ناوچەی "ئەنزەل"ی ورمێ، بەهۆی نەخۆشی و پیری لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد..ناوبراو لە ئەندامە دڵسۆز و چالاکەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە هەمیشە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی بە بێ کەموکۆڕی ئەنجام دەدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەی دالاهۆ کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی سەیفوڵڵا خوسرەوی کەسایەتییەکی ناسراو و نیشتمانپەروەری ناوچەی دالاهۆ بەهۆی پیری لە تەمەنی ١١٥ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو خەڵکی گوندی "بازگر"ی ناوچەی دالاهۆ بووە کە بە کەسێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر دەناسراو. لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لە ساڵی ٥٧، بنەماڵەکەیان تێکەڵ بە شۆڕشی نەتەوایەتیی گەلی کورد بوو و ٥ کوڕی ئەو بنەماڵەیە لەو پێناوەدا شەهید بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك سەیفوڵڵا دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## دۆستێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قەزوین کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، سلێمان جنیکانلوو کوڕی عومەر کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی پیری لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی شاری قەزوین کۆچی دوایی کرد.سلێمان جنیکانلوو ساڵی ١٣٠٢ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری گوندی "گۆما ماروو"ی سەربە شارستانی ماکۆ لە دایك بووە. بنەماڵەکەی و باوکی یەکێك لە شۆڕشگێڕانی سەرهەڵدانی ئارارات بە ڕێبەریی ئیحسان نووری پاشا کە لە ساڵی ١٣٠٣ هەتاوی لە دژی دەوڵەتی تورکیە وەڕێ خرابوو، بوو. کاك عومەر باوکی کاك سلێمان یەکێك لە خەباتگێڕانی کوردی کوردستانی ئێران بوو کە هاوڕێ لەگەڵ خێڵەکانی کوردە جەلالییەکان لە ناوچەی ماکۆ لەو سەرهەڵدانەدا بەشداربوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك سلێمان دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە شنۆ کۆچی دوایی کرد

دایە "زەهرا ئەحمەد پوور" دایکی شەهید عەبدوڵڵا حەسەن زادە شەهیدی ڕێگای ئازادیی کوردستان، بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایە زەهرا پاش شەهید بوونی کوڕەکەی ئەرکی بەخێوکردن و گەورەکردنی منداڵەکانی ئەو شەهیدەی وە ئەستوو گرتووە و بە دڵسۆزییەوە هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕۆڵەکانی ئەو شەهیدە نەمرە تەرخان کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە شارۆچکەی حاجی ئۆمەران کۆچی دوایی کرد

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "قادر بەهرام" خەڵکی گوندی "هەوشینان"ی سەربە ناوچەی "سەرشاخان"ی نەغەدە و دانیشتووی شارۆچکەی "حاجی ئۆمەران"ی هەرێمی کوردستان، بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. قادر بەهرام ساڵی ١٣٦١ هەتا ١٣٦٦ی هەتاوی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و پاش وازهێنان لە پێشمەرگایەتی و گەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵات، پێوەندیی بە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبەوە گرت و درێژەی بە ئەرکە حیزبییەکانی خۆی دا. دواتر بەهۆی گوشاری هێزەکانی ڕێژیم بۆسەر ئەو ئەندامەی حیزب و بنەماڵەکەی، لە ڕووی ناچارییەوە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزب و گەل وەفادار مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی نەغەدە کۆچی دوایی کرد

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "عەزیز بێهروز" کوڕی "حەمە حەسەن قازڵی" خەڵکی گوندی "داش دورگە"ی سەربە ناوچەی سندووسی نەغەدە، بە هۆی جەڵتەی دڵ لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. عەزیز بێهروز ساڵی ١٣٣٦ چاوی بە ژیان هەڵهێنا و لە ساڵی ١٣٥٨دا بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و تا دوایین هەناسەی بە ڕێبازی دێموکرات وەفادار مایەوە. کاك عەزیز لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بۆ ماوەی ٦ مانگ لە زیندانی نەغەدە لە دەسبەسەریدا بوو. تەرمی کاك عەزیز لە گۆرستانی گوندی داش دورگە لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك عەزیز دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و هیوای سەبووریيان بۆ دەخوازێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٢ی هەتاوی، "شەمێ خانم ئەحمەدی" ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خێزانی "سەلیم ئاغای عەزیزی" ئەندامی کۆچکردووی حیزب، بەهۆی نەخۆشیی دڵ لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. شەمێ ئەندامێکی دڵسۆز و هەڵسووڕی حیزبی دێموکرات بوو و هەمیشە بەوپەڕی بەرپرسایەتییەوە ئەرکە حیزبییەکانی بەجێ دەگەیاند. تەرمی ئەو ئەندامەی حیزبی دێموکرات لە گۆڕستانی شاری مەهاباد بە خاك سپێردرا.


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و هیوای سەبووریيان بۆ دەخوازێت.

## دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

خاتوو مریەم میران ناسراو بە مریەم چاوشین، کچی حاجی ئەحمەد عەبدوڵڵا میران و دایکی شەهید حوسێن خاڵ ئاقایی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد. دایە مریەم میران پردی پێوەندیی نێوان پێشمەرگە و تەشکیلاتی نهێنیی حیزب بوو و بە دڵسۆزی و وەفاداری و ڕاستبێژییەوە ئەو ئەرکەی جێبەجێ دەکرد و هەمیشە شانازیی بە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکەیەوە دەکرد. شەهید حوسێن خاڵ ئاقایی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شەڕێکدا لە ناوچەی "سەرشیو"ی سەقز شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# وتووێژی گۆڤاری "والاپرێس" ژماره ٦٦ لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری



**ئەو نزیك بوونەوەیە لەژێر تەئسیری هیچ لایەنێکدا نییە، ئێمە بۆ خۆمان هەستمان بەوە کردووە کە کاتی ئەوە هاتووە، دەستمان پێ کردووە و بەخۆشییەوە چووینەتە پێشێ**

**(بەشی چوارەم)**

والاپرێس: پێتان وایە حیزبی ئێوە نوێنەرایەتیی ئەوانیش دەکات لەهەر حاڵێکدا؟

هیجری: ئێمە وەك حیزبی دێموکرات خۆمان بە هەڵگری ئاڵای بەرگری لە هەموو ویست و داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەزانین بە هەموو باوەڕە ئایینییەکانییەوە لەنێو حیزبی دێموکراتیشدا هەموو ئەوانە ڕەنگیان داوەتەوە و وجوودیان هەیە، ناڵێم ئێمە نوێنەری هەموو کوردین لە کوردستانی ئێراندا، بەڵام ئەو بیر و بۆچوونە جیاوازە ئایینی و زمانییانە لەنێو حیزبی دێموکراتدا ڕەنگیان داوەتەوە و حیزبی دێموکرات پێکهاتەیەکە لە هەموو ئەوانە.

والاپرێس: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندنێکی داوە و پێم وایە ڕاگەیاندنەکەی تا ڕادەیەکی زۆر مەنتقییە، سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی لە یەکێك لە خاڵەکانیدا دەڵێت پێویستە سەرۆکایەتیی کۆنگرە بە دەورەیی بێت، هیچ کەس بۆی نەبێت لە دوو دەورە زیاتر خۆی کاندید بکات و کەس نەتوانێت قۆرخکاری بکات، ئێوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەن یان ئەڵتەرناتیڤێکتان هەیە یا پێویستە سەرۆکایەتیی کۆنگرە چۆن بێت کە لە ئێستادا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە ڕەنگە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان سەرۆکی ئەو کۆنگرەیە بێت، واتە ئێوە دەتانەوێت ئەو سەرۆکایەتییە چۆن بێت دەورەیی بێت بە هەڵبژاردن بێت ئەڵتەرناتیڤتان چییە بۆ ئەو قسانە؟

هیجری: ڕاستییەکەی لە کۆنگرەی نەتەوەییدا کاری ئامادەکاری کە دەکرێت تا ئێستا هیچ باسێك لەوەی کە سەرۆك کێ بێت یان سەرۆك چۆن دیاری بکرێت نەکراوە، بێ گومان ئەو مەسەلەیە لە کاتی پێکهاتنی کۆنگرە لەکاتی خۆیدا دێتە بەرباس و باسی لەسەر دەکرێت، دەبێت گوێ بگرین لە هەموو لایەنەکان بزانین قسەکان چین، ئەوەی بە قازانجی گشتی بێت دەبێت ئەو کارە بکەین. من پێم وایە بەڕێوەبەرایەتیی کۆنگرە لە شێوەی سەرۆکایەتی بێ، مەبەستم ئەوەیە ئەنجومەنێکی ڕێبەرایەتیی هەبێ.

والاپرێس: ئەگەر کۆنگرەیەك، سەرۆکایەتییەکەی دێموکراتی بێت باشتر نییە، دەورەیەك تۆ بی دەورەیەك بارزانی بێت؟

هیجری: ئەگەر ڕێبەرایەتییەکە جەمعی بێ ڕەنگە زۆر گرفتی سەرۆکایەتی چارەسەر بکا.

والاپرێس : مەبەستت چییە، پێت وایە کەس موخالیفی ئەو بۆچوونە بێت؟

هیجری: تا باسەکە نەیەتە پێشێ نازانین، ڕەنگە کەسانێك هەبن کە بۆچوونی وایان نەبێت، بەڵام دەبێت گوێ بگرین بزانین دەلیلەکانی ئەوان چییە، واتا ناکرێت لە ئێستاوە بڵێین دەبێت حەتمەن وا بێت.

والاپرێس: دەکرێت کەسێك بۆ هەمیشە سەرۆکایەتی ئەو کۆنگرەیە بکات؟

هیجری: بۆ هەمیشە نا، بۆ هەمیشە ئێمە باوەڕمان بەسەرۆکایەتیی هیچ کەسێك نییە، لە هیچ کۆمەڵگایەکدا، لەهیچ حیزبێکدا، پێمان وایە دەبێت بە شێوەیەك بێت کە گونجاو بێت لەگەڵ ئوسوڵی دێموکراتیدا.

والاپرێس: ئەو گونجانە دێموکراسییە، ئەو ئوسووڵە چییە لای تۆ؟

هیجری: ئەو گونجانە دێموکراسییە دەتوانێت ڕێگاچارەی تەوافوقی هەبێت، هەموو پێکەوە باس بکەن، قازانج و زەرەرەکانی لێك بدەنەوە، ئەوەی کە کێ سەرۆك بێت یان کێ هەڵبژێرێت دوای ئەوە ئەگەر بە تەوافق نەگەیشتن دەبێت دەنگدان بێت.

والاپرێس: ئەگەر هەر شەش مانگ بەدەست یەکێك لە نوێنەرانی ئەو پارچانەوە بێت کارێکی باشتر نییە؟

هیجری: بەڕاستی زۆر بەرتەسککردنەوەی ماوەکەی لە شەش مانگدا برێك بە نەگونجاو دەزانم، چونکە هیچ کەس ناتوانێت لە شەش مانگدا بەرنامەیەکی هەبێت بیباتە پێشێ و شتێك بکات، بەڵام ئەوەی کە دەورەیی بێت پێم خراپ نییە، جا دەورەکە ساڵێك بێت، دوو ساڵ بێت ئەوە جێگای قسە لێ کردنە.

والاپرێس: لە سەروبەندی ئەم کۆنگرەیە هەست بە نزیك بوونەوەیەك دەکرێت تا ڕادەیەك، واتا بەشێك لەوانەی کە چاودێریی بارودۆخی هەر دوو حیزبی دێموکرات دەکەن، پێیان وایە نزیکبوونەوەیەك هەیە هەم لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، مستەفا هیجری و هەم خالیدی عەزیزی ئەم دەرئەنجامە ڕەنگدانەوەی تازەی کۆنگرەیە یان ئەو هەوڵانەیە کە تۆ باست کرد یان دیسان باس لەوە دەکرێت کە پارتی لە هەوڵێکی میانگیری تازەیە لەنێوان ئێوە لە نێوان تۆ و خالیدی عەزیزی کامیانە؟

هیجری: من سەرەتا عەرزم کردیت کە ئەو لێك نزیك بوونەوەی ئێمە لەگەڵ کاك خالیدی عەزیزی هەروەها لەگەڵ کۆمەڵەکان شتێك نییە کە لەو کۆنگرەوە دەستی پێ کردبێت، زەمینەی زۆر پێشتر ئامادە کرابوو، بۆیە بە ئاسانی ئێمە دەتوانین پێکەوە دابنیشین ئەگەر ئەو زەمینە ئامادە نەکرابایە پێشتر هەروا بەئاسانی نەدەکرا، بۆیە ئێمە ئەو سیاسەتە درێژە پێدەدەین و تائێستاش لەگەڵ ئەوەی هەم پارتی، هەم یەکیەتی و زۆر دۆستی دیکەی ئێمەی کورد لەهەموو بەشەکاندا هاوسۆزیی خۆیان نیشان داوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین یەك بگرینەوە و ببینەوە یەك هێز، بەڵام ئەو نزیك بوونەوەیە لەژێر تەئسیری هیچ لایەنێکدا نییە، ئێمە بۆ خۆمان هەستمان بەوە کردووە کە کاتی ئەوە هاتووە، دەستمان پێ کردووە و بەخۆشییەوە چووینەتە پێشێ و لە داهاتووشدا ئەوە هەر درێژە پێ دەدەین.

والاپرێس: ئەمە دووەم جارە حیزبی دێموکرات ئینشیعابی تێ دەکەوێت، دەورەی پێشوو؟

هیجری: نەخێر سێیەم جارە، لانی کەم دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی سێیەم جارە، جاری یەکەم لەدوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی جاری دووەم بە ناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ جیابوونەوەیەك ڕوویدا، دوایە ئەوان لەگەڵ حیزب یەکیان گرتەوە.

والاپرێس : کێ بوون ئەوانە؟

هیجری: ئەوانەی لە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکرات جودا بوونەوە ناویان نرا دەستەی حەوت کەسی، چونکە لە ڕێبەرایەتی حیزبدا حەوت کەس بوون، دیارە جەمعێکی دیکەش لە گەنجەکان دوایان کەوتن، بە بۆچوونی من ئەو جیابوونەوەیە دەبوایە ببوایە، چونکە ئەو بۆچوونەی ئەوان هەیان بوو لەگەڵ ئێمە نەدەگونجا، بەڵام بەدوای ئەودا دوو جیابوونەوەی دیکەش بوو.

والاپرێس: جیابوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ و حیزبی دێموکراتی کوردستان؟

هیجری: بەڵێ.

والاپرێس: قسەکە ئەوەیە کە ئێوە مێژوویەکی تاڵتان هەیە واتا پێتان وایە ئەگەر لە حاڵەتێکدا زەمینەی دانوستان و یەکگرتنەوەش بکرێت مەترسییەك نییە جارێکی دیکە لەسەر ئینشیقاقی تر؟

هیجری: بەڵێ‌ئێمە ئەو مەترسییەمان هەیە، نیگەرانین کە ئەگەر یەك بگرینەوە دوای یەکگرتنەوەکە زەمینەی جودابوونەوەیەکی دیکە نایەتە پێشەوە وەکوو ئەوەی کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کردیان؟ بۆیە لەو بارەوە برێك بەحسابی وردترەوە دەچینە پێشێ بۆ ئەوەی دەمانەوێت بگەینە ئەو جێگایەی کە ئەو نیگەرانییەمان لا نەمێنێت ئەودەمی یەك بگرینەوە.

والاپرێس : باشە ئەگەر قەرار بێت یەك بگرنەوە، ناوی حیزبەکەتان چی دەبێت؟

هیجری: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

والاپرێس: تەلەفیزیۆنەکەتان بەناوی چی دەمێنێتەوە؟

هیجری: تیشك

والاپرێس :کێ سکرتێری ئەو حیزبە دەبێت؟

هیجری: دەبێت هەڵبژێردرێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

والاپرێس: جەریدەکەشتان ناگۆڕن؟

هیجری: نا، مومکینە جەریدە بگۆڕین، تەنانەت ئەوەی باست کرد تلوزیونی "تیشك"یش ئەوە نیە لە سەر ئەوەی کێشەمان هەبێت، ڕەنگە ڕۆژێك ناوی ئەوە بگۆڕین، بەڵام بە بۆچوونی من تا ئێستا لەو هەلومەرجە سیاسییەدا ئێمە بە قازانج نازانین کە حیزبەکەمان حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ، بەڵام ئەوەش ماوەتەوە بەبڕیاری کۆنگرەکە، کۆنگرەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ کە بڕیارێکی دیکە بدات من و هەموو خەڵکی دیکە پەیڕەویی لێ دەکەین.

والاپرێس: ئەگەر کۆنگرە بڕیاری دا خالید عەزیز سکرتێر بێت تۆ ئیلتیزامی پێوە دەکەیت؟

هیجری: ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا، بەڵێ حەتمەن دەیکەم هیچ ئەملاو لای تێدا نییە.

والاپرێس: یان حاسڵت کردووە کە ئەم دەورەیەش هەر سکرتێر دەبیت، — دەورەی یەکگرتنەوە؟

هیجری: نازانم، بەستراوەتەوە بە دەنگی کۆنگرە، بەڵام پێم خۆشە ئەوەی لێرەدا بڵێم کە کێشەی من لەگەڵ ئەوان مەسەلەی سکرتێری نییە و ئەوە هەرگیز نایەتە بەرباس و نابێتە کێشە بۆ من لە هەڵوێستەکانماندا.

والاپرێس: ئەی کێشەتان چی بوو پێشتر بۆچی جیابوونەوە؟

هیجری: کێشەی ئێمە نەبوو، کێشەی ئەوان بوو، ئەوان جیا بوونەوە ئەوان لە کۆنگرەیەکدا کە بۆ خۆیان تێیدا بەشداربوون ڕەئیان داوە لە حاڵێکدا بۆ خۆیان لە ئەکسەریەتدا بوون و بۆ خۆیان بەرنامەکانی کۆنگرەیان ڕێکخستووە، بەڵام ئاکامەکەی چونکە بە دڵی ئەوان نەبوو جودا بوونەوە.

والاپرێس: باشە فاکتەرێکی وا گرنگ هەبوو جیا ببنەوە یان ئێستا فاکتەرگەلێکی گرنگ هەیە یەك بگرنەوە؟

هیجری: فاکتەری ئاوا گرنگ کە ئەوان جودا ببنەوە من نایبینم، بەڵام باشترە لەوان بپرسی بزانی ئەوان جوابیان چیە بۆ ئەو مەسەلەیە، بەو حاڵەش ئێستا ئەگەر یەك بگرینەوە بەهێزتر دەبین.

والاپرێس: ئێوە لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە دانیشتنێکتان کردووە لەو بارەیەوە ئەو هەلومەرجەتان خستووەتە بەرباس دوو بەدوو؟

هیجری: ئێمە لەگەڵ ماموٚستا عەبدوڵڵا لەو سەردانەدا کە من کردوومە بۆ لای ئەو برادەرانە لەگەڵیان دانیشتووم، لەگەڵیان قسەمان کردووە، بەڵام بۆ خۆت دەزانی ئێستا ماموٚستا بە فەرمی وەکوو ئەندامی ڕێبەرایەتی نەماوە، ڕاستە ڕەنگە گوێ لە قسەکانی بگرن، بەڵام بە شێوەی فەرمی بڕیاردەری دیکەیان هەیە کە ڕێبەرایەتیی هەڵبژێراویانە.

والاپرێس: پێت وانییە ئێستا ئەو بڕیاردەرە؟

هیجری: بێجگە لەوی بڕیاردەری دیکەشیان هەیە.

والاپرێس: پێت وانییە کەسێکی یەکلاکەرەوە بێت؟

هیجری: ناتوانم بڵێم یەکلاکەرەوەیە، بەڵام شوێندانەریی زۆری هەیە.

والاپرێس : مانای وایە کە تۆ وا هەست دەکەیت ماموٚستا عەبدوڵڵا تەئیدی ئەم یەکگرتنەوەیە ناکات؟

هیجری: تا ئێستا لە نووسین و هەڵوێستەکانیدا جدییەتم نەدیوە بۆ یەکگرتنەوە.

والاپرێس: ئەمەش مەترسییەکە لەسەر یەك نەگرتنەوە؟

هیجری: بەڵێ.

والاپرێس: لەهەر حاڵدا ئەگەر قەرار بێت یەك بگرنەوە چەند کادرێك لە دەرەوە بمێننەوە مانای وایە ئێوە هیچتان نەکرد ئەگەر چەن

درێژەی لە لاپەڕە ٥

# دیمۆکراسی لە کۆماری کوردستاندا

کەیهان یووسفی

٦٨ ساڵ بەر لە ئێستا دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی ١٦٠ رۆژە، دەسەڵاتێکی دێموکراتیك بنیات دەنرێت کە تەنیا ٣٣٠ رۆژ تەمەن دەکات. دەسەڵاتێکی بەنرخ و پڕدەسکەوت، سەرمەشقێکی ئایدیاڵ کە تا هەنووکەش چقڵی نێو چاوی کۆنەپەرەستی، دیکتاتۆرییەت و پاوانخوازییە لە کوردستان و ئێران بەتایبەتی.

لە روانگەی فەلسەفەی سیاسیی کۆنەوە، دێموکراسی تەنیا شێوازێك بۆ دەسەڵاتدارێتی پێناسە کراوە، بەڵام تێڕوانینی نوێی بیرمەندانی ئەم بوارە پاشگری دێموکراتیك بە کۆمەڵگا و دەسەڵات پێناسە دەکات و ئەو دووانە بە تەواوکەری یەکتر دەزانێت.

کۆماری کوردستان دادەمەزرێت لە ژێر رێنوێنی و رێبەریی پێشەوای شەهیدا. هەوڵ بۆ پەرەسەندن و بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی دەدرێت. راگەیاندن، وەکوو دەسەڵاتی چوارەمی دێموکراسی گەشە دەکات. رادیۆ و چاپخانە دادەمەزرێت، پەرتووك و گۆڤار و رۆژنامە بڵاو دەکرێتەوە.

رێکخراوەکانی لاوان و ژنان وەکوو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دادەمەزرێن. دەرفەت بۆ بەشداریی ژنان و لاوان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەڕەخسێت. کۆماری کوردستان کۆمەڵێك لە لاوان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەنێرێت بۆ دەرەوە، چوونکوو ئەوانیش لەو تێڕوانینەی "چارلز مریام" بیرمەندی ئامریکایی بە باشی تێگەیشتبوون کە دەڵێت: "دێموکراسی و زانست دوو دیاردەی گرێدراوی یەکترن، چونکوو لە دێموکراسیدا ئەرکی دابینکردنی تەندروستی، خۆشبژێوی و ئاسایشی کۆمەڵگا دەبێت بخرێتە ئەستۆی زانست". پێشەوا و بەڕێوەبەرانی کۆمار باوەڕمەندییەکی تەواویان بە دێموکراسی هەبوو و خوێندنەوەیەکی قووڵیان لە ئەندێشە و تێڕوانینەکانی پێوەندیدار بە دێموکراسییەوە هەبوو. بێ گومان ئەم وتەیەی بیرمەند و فەیلسووفی بەناوبانگی بریتانیایی "بێرتراندراسڵ" لەمەڕ هەوڵ و دەسکەوتەکانی کۆمار کە ئاماژەی پێدرا دەرخەری راستیی باوەڕمەندیی رێبەرانی کۆمارە بە دێموکراسی، کە دەڵێت: "ئازادیی رادەربڕین (دەرکردنی گۆڤار و نامیلکە لە کۆمار) و دروستکردنی دامەزراوەکان (رێکخراوەکانی لاوان و ژنان)، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی بشێوی و ناتەکووزی، دیسانیش پێویستیی دێموکراسین، کەڵك ئاژۆگرتن لە ئازادی لە هەر حاڵێکدا باشترە لە کەڵك ئاژۆگرتن لە دەسەڵات".

لە ماوەی ٣٣٠ رۆژ دەسەڵاتدارێتیی کۆماری کوردستان و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەم کۆمارەدا، هیچ تاکێك بە هۆی ئەوەیکە بیروبۆچوونی جیاوازە، سزا نەدرا. بەڕێوەبەرانی کۆمار ٦٨ ساڵ بەر لە ئێستا بەو تێگەیشتنە مرۆییەوە بۆ دەسەڵاتدارێتی دەیانڕوانی و ئەم قسەیەی "هارۆڵدلاسکی" بیرمەندی گەورەی بریتانیایی بۆمان دەری دەخات کە رێبەرایەتی چلۆن لە دێموکراسی تێگەیشتبوون کە دەڵێت: "تەنیا بە هۆی هەبوون و دەربڕینی هیچ بۆچوونێکەوە ناکرێت کەسێك سزا بدرێت، هیچ ئەندێشەیەك لە خۆیدا قەدەغە نییە، تەنانەت ئەگەر کردەوەیەکی جینایی لێ بکەوێتەوە، لەو حاڵەشدا کردەوە دەبێتە هۆکاری سزادان نەك ئەندێشە".

لە ماددەی ٦ی بەیاننامەی حیزبی دێموکرات وەکوو هێزی داهێنەری کۆماردا ئاماژە بە هەوڵدان و خەبات بۆ پێکەوەژیان و تەبایی لەگەڵ گرووپ و نەتەوەکانی دیکەی کوردستان وەکوو ئاسووری و ئەرمەنی کراوە.

بێگومان دێموکراسی بە واتای دەسەڵاتی زۆرینە یان دێموکراسیی ژاکوبنی، شەرعییەتی نییە. دێموکراسی دەنگی زۆرینەیە و مافی کەمینە. دێموکراسی پابەندبوون بە یاسا و یەکسانی لە بەرانبەر یاسادایە کە بەڕێوەبەریی کۆمار بە باشی لەوە تێگەیشتبوون و رەچاویان کردبوو و بە باشی لەم وتەیەی "رابێرت مەك ئایۆری" سکاتلەندی تێگەیشتبوون کە "دێموکراسی دەسەڵاتی زۆرینە یان جەماوەر یان پشتیوانی جەماوەر لە دەسەڵات نییە، چوونکوو دیکتاتۆرەکانیش لە پشتیوانیی تەاووی جەماوەر بەهرەمەندن و سەرەڕۆیی زۆرینە لە سەردەمی ئەمرۆدا زۆر باوە".

بێ گومان کۆماری دێموکراتیکی کوردستان سەرمەشقێکی ئایدیال و بێ هاوتای دێموکراسی لەو سەردەمە و تا هەنووکەش بووە و هەیە. بەشداریی تاکەکانی کۆمەڵگا و رەخساندنی دەرفەت بۆ هەمووان لە بڕیاردان لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سەرەکییەکانی وڵاتدا، تایبەتمەندییەکی بەهێزی دەسەڵاتی کۆمار بوو. بێ گومان بۆچوونێکی بەهێز و ئەندێشەیەکی گەورە لە پشتی دامەزراندنی کۆمارەوە هەبوو.

کەسایەتیی مەزنی رێبەری تاقانەی کۆمار، پێشەوای شەهید کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر گەشەی دێموکراسی لە کۆماری کوردستاندا هەبوو. باسکردن لە کۆمار و ئاماژە نەدان بە رۆڵ و دەوری پێشەوا ناتوانێت دەرخەری راستییەکانی ئەو سەردەمە بێت. هەر وەك "ویلیام جیمز" فەیلەسووفی ئامریکایی دەڵێت: "نەتەوەکان تەنیا کاتێك دەتوانن سەر بکەون، کە رێبەریان هەبێت، لەم سۆنگەشەوە پێشکەوتنی هێندێك لە وڵاتان بە نیسبەت وڵاتانی دیکە بە هۆی دەرکەوتنی بژاردە و رێبەرە مەزنەکانەوە بووە".

کۆماری کوردستان بەڵگەیەکی هەرەباش و لاپەڕەیەکی زێڕینە بۆ سەلماندنی ئاشتەوایی و دێموکراسیخوازیی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات، بەڵگەیەك کە پێمان دەڵێت کورد ئەگەر لە ژێر سەرکوت و دیکتاتۆرییەتی داگیرکەران دەربازی بێت، بێ گومان دەتوانێت کۆمەڵگایەکی دێموکرات و دەسەڵاتێکی دێموکراتیك بنیات بنێت.

سەرچاوە:
چهل سال مبارزه در راه آزادی. دکتر عبدالرحمان قاسملوو
لیبرالیسم و محافظه کاری، تاریخ اندیشەهای قرن بیستم، جلد دوم، حسین بشیریه

درێژەی لاپەڕە ٤

کەسێکیش بن؟

هیجری: بەڵێ وایە، راستە ئەگەر یەکگرتنەوە بێت دەبێت یەکگرتنەوەیەك بێت وەکوو دوای ئەوەی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە کۆنگرەی نۆدا یەکمان گرتەوە بەهەموویەوە یەکمان گرتەوە، دەنا ئەگەر لەگەڵ جەمعێك یەك بگرینەوە جەمعێکی دیکە بە هەر هۆیەك ناڕازی بمێننەوە کێشەکە چارەسەر نابێت.

والاپریس : لای کۆمەڵەکان محاوەلەیەکی وا هەیە ئێوە چاو لەوان دەکەن یان ئەوان چاو لەئێوە دەکەن کە خۆیان کۆبکەنەوە، وە ئەم خۆکۆکردنەوەی ئێوە و ئەوانیش لەلایەنی نەتەوەییەوە هێشتا دوو هێزی سەرسەخت و منافسی یەکترن هەرکامتان دەتانەوێت خۆتان تەقویە و بەهێز بکەن لە داهاتووی ئێراندا دەور و رۆڵ و سیاسەتی ڕەنگرێژتری باشترتان هەبێت؟

هیجری: ئەوەی کە ئێمە چاو لەوان بکەین، نا ئێمە چاو لەوان ناکەین، وەکوو عەرزم کردی ئێمە بەقەناعەتەوە بە لێکدانەوەوە گەیشتووینەتە ئەو سیاسەتە کە دەبێت لەیەك نزیك بینەوە چ لەگەڵ لایەنێ کە لە حیزبی دێموکرات جودا بوونەوە چ لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی وەکوو کۆمەڵە، بەڵام ئەوەی کە منافسە دەبێت و هەرکەسە دەیەوێت جێ پێی خۆی قایمتر بکات خەڵکێکی زۆر بەدوای خۆیدا کۆ بکاتەوە شتێکی زۆر تەبیعییە هەموو حیزبێك مافی خۆیەتی لە ڕێگەی دێموکراتیك و لە ڕێگەی دروستەوە بتوانێت ئەو کارە بکات، ئەوە بە حەقی هەموو کەسێك و هەموو حیزبێك دەزانم.

والاپریس: ئەمەڵێکت هەیە لەم نزیکانە یان مدەتێکی زەمەنیم پێ دەڵێیت کە دوو حیزبی دێموکرات یەك بگرنەوە؟

هیجری: کاتەکەی ناتوانم دیاری بکەم، بەڵام ئێمە پرۆسەکە لەلایەن خۆمانەوە درێژە پێ دەدەین تا ئەو کاتەی کە بگەین بەو قەناعەتەی کە یەکگرتنەوەکە نابێتە هۆی جودا بوونەوەیەکی دیکە، ئەو کات بڕیار دەدەین بۆ یەکگرتنەوە.

والاپریس: گلەیەکتان لێ دەکرێت لە ئێوە، لە کۆمەڵەکان، کە جیا بوونەوەکانتان زیاتر لەسەر پۆست و پلە و پارە و بەرژەوەندییە، ئێوە جیاوازییەکی فکری و ئایدۆلۆژیتان نییە؟

هیجری:نا، بە بۆچوونی من لانی کەم نێوان ئێمە و کاك خالید و ئەوان هیچ جیاوازییەکی بیر و بۆچوونی فکری بەو شکڵەی کە ببێتە هۆی جودا بوونەوە نیمانە، نە ئەو دەمی بوومانە، نە ئێستا هەمانە.

والاپریس: جیاوازیەکی فکریتان نییە، گلەیی ئەوەتان لەسەرە کە زۆرتر بەرژەوەندی و دەسەڵات بوو؟

هیجری: بەڵێ، راستە بەرژەوەندی و دەسەڵات چونکە ئەو لایەنەی جودا دەبێتەوە ئەگەر مەسەلەی جیاوازی مەسەلەیەکی گرنگی سیاسی نەبێت بێجگە لە مەسەلەی پۆست و مەنسەب هیچی تری تێدا بەستە نیە ئەوەی ئێستا من بۆ مێژوو دەڵێم ئەگەر لە کۆنگرەی ١٣ی ئێمەدا ئاڵوگۆڕێك لە رێبەرایەتیی حیزبدا نەهاتبێتە پێشێ، ئەو لایەنە جودا نەدەبونەوە، بەڵام هەندێك لەوانە هەڵنەبژێردرانەوە، بۆیە جودا بوونەوە.

والاپریس: مەبەست عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە؟

هیجری: تەنیا ئەو نەبوو

والاپریس: واتا پێت وایە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە ئەوان بیانبردایەوە ئەم ئینشیقاقە ڕووی نەدەدا؟

هیجری: سەد لە سەد ڕووی نەدەدا.

والاپریس: ئەی بۆ نەتکرد بۆ خاتری ئەوەی ئینشیقاق نەبێت؟

هیجری: باشە ئەوە نەتیجەی کۆنگرە بوو ئەوە سازان نەبوو، ڕەنگە من بۆ خۆشم پێشبینی ئەوەم نەکردبێت، بەڵام کۆنگرە لە نوێنەرانی ئەو حیزبە لە بەدەنە هەڵدەبژێرێت پێك دێت، وەك عەرزم کردی ئەوان ئەو دەمی لە ڕێبەرایەتیی حیزب ئەکسەریەت بوون بەرنامەی کاری کۆنگرە و بەڕێوەبردنی کۆنگرە لەژێر چاودێریی ئەوان بەڕێوەچوو، بۆیە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە پەسند کرا، ئەوان وەك باقی نوێنەران مەشرووعیەتی کۆنگرەیان پەسند کرد پێشبینی ئەوە نەدەکرا ئەوان لە ئەکسەریەت نەمێنن بێجگە لەوە لە ڕێبەرایەتی حیزبدا شتێك نەبوو کە لە نێوان من و ئەوان بێت تاکوو پێکەوە لەسەری بسازێین.

والاپریس: کاك مستەفا ماڵپەڕێکی تورك دەڵێت هەردوو دێموکرات (٦٠٠٠) هەزار پێشمەرگەیان ناردووە بۆ پشتیوانی کوردەکانی سووریە، دەزانم ئەڵێی ئەمە ڕاست نیە و دیعایەی تورکیایە؟

هیجری: بەڵێ دیعایەی ئەو ماڵپەڕەیە.

والاپریس : بەڵام ئەگەر کوردەکانی ڕۆژئاوا پێویست بکات ئێوە ئامادەن بۆ هاوکاریەکی وا؟

هیجری: ئەگەر کوردی ڕۆژئاوا بەعام داوا بکەن ئێمە چی لەدەستمان بێت لەخزمەتیان داین.

والاپریس: بەڵام ئەگەر پەیەدە داوا بکات نایکەن؟

هیجری: هیچ حیزبێك، نەك پەیەدە، هیچ کامیان بە تەنیا، داوا بکەن نایکەین.

والاپریس: کاك مستەفا لەسەر ئەم خەبەرەی بڵاوکراوەتەوە لە سایتەکان چەند کۆمێنتێك هەیە ئەو کۆمێنتانە هیوادارم وەك دەڵێن بە ڕۆحێکی ڕیازی و پیاوێکی دێموکرات جوابی بدەیتەوە، یەکێك لەو کۆمێنتانە دەڵێت تورکەکان دوو نوقتە زیادیان داناوە لەو شەش هەزارە، واتە شەست کەستان ناردووە، واتە ئێوە خاوەنی شەش هەزار کەس نین؟

هیجری: لە هەلومەرجێکی ئاوادا گرنگ نییە شەش سەت کەس یان شەش هەزار کەس یان شەش سەت کەس بنێرین بۆ یارمەتیلایەنێکی کوردی، موهیم هەڵوێستی سیاسییە لەو کاتەدا، بۆیە من ئەو کۆمێنتە نەك پێی ناڕەحەت نیم، بەڵکوو پێم وایە ئەگەر شەست کەسیش بنێرین بۆ خۆی هەڵوێستێکی سیاسییە، بەڵام خەبەرەکە لە بنەڕەتدا ناڕاستە.

والاپریس : کۆمێنتێکی تریان دەڵێت دێموکراتییەکان خاوەنی ئەرکێکی وا نیشتیمانی نین تا پێی هەستن؟

هیجری: قسە ئازادە هەر کەس دەیکات، ئەگەر دێموکرات خاوەنی هەستی نەتەوەیی نەبێت کە ئێستا شەست و چەن ساڵە لەو ڕێگەیەدا خەبات دەکات ئەو هەموو پێشمەرگە و سەرکردە و ئەندامەی شەهید بووە، نازانم کێی دیکەیە کە دەتوانێ زیاتر لە حیزبی دێموکرات هەڵگری ئەو ئەرکە نیشتمانییە بێت؟

والاپریس: کۆمێنتێکی تر دەڵێت ئەگەر حیزبی دێموکرات و مستەفا هیجری ئەمەیان کردووە، ئەی ئەوەی لە چی کە لە تەلەفیزیۆنی ڕووداو بە پەیەدە دەڵێت دیکتاتۆرە تۆ شتێکی وات وتووە بە پەیەدە؟

هیجری: جا ئەوە چی بەسەرچیەوەیە، ئێمە ئەگەر یارمەتییەکمان نارد بۆ لایەنێك هەقمان نیە پێی بڵێین دیکتاتۆرە واتا دەبێت زمانمان ببەستین، دیارە من نەموتووە دیکتاتۆرە، بەڵام من ئەو ڕەخنەیەم هەبووە لەسەر کوردستانی خۆرئاوا کە پێکەوە ناسازێن لەحاڵێکدا کە ئێستا ئەو کوردستانە لەژێر فشاردایە، بەڵام هەموو لایەنەکان ناتوانن پێکەوە هێزەکانیان کۆبکەنەوە لەسەریەك و بچن لەوێدا دیفاع بکەن ڕەخنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیەدە، خۆ پەیەدە خۆشی ئەو ڕاستییەی نەشاوردوەتەوە کە ئیزن بە لایەنەکانیدیکە نادا بەشداریی شەڕی بەرگری لە خاك و وڵاتەکە خۆیان بکەن.

## رۆژەڤ

و: رەزا فەتحوڵڵانژاد

### سەردانی رووحانی بۆ خوزستانی عەرەبنشین

رۆژنامەی "واشینگتۆن پۆست" راپۆرتێکی لە ژێر ناوی "رووحانیی ئێران سەردانی ئۆستانی کێشە دەکات" بە قەڵەمی جانسۆن رەزاییان لەسەر سەفەری ئەمدواییانەی رووحانی، سەرکۆماری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئۆستانی خوزستان بڵاو کردەوە کە ڕاپۆرتنێرەکە تێیدا باسی چەند خاڵی سەرەکی و زەقی بارودۆخی ئەو ئۆستانە عەرەبنشینە لە پێوەندی لەگەڵ سەفەری ناوبراودا دەکات.

لە سەرەتای بابەتەکەدا وێڕای ئاماژە بە سەفەری ڕووحانی بۆ خوزستان هاتووە: "خوزستان کە هاوسنووری عێراقە، سایتی یەکەمین شوێنی دۆزراوەی نەوتی ئێرانی تێدایە ـ لە ١٩٠٨ ـ و نزیك بە نیوەی بەرهەمی نەوتی وڵاتیش دابین دەکات. شوێنی قەومی جۆراوجۆرە و یەك لەوانە زۆرینەی عەرەبە ئێرانییەکانە و بە بەردەوامی ڕووبەڕووی ئاستی بەرزی بێکاری و کێشەی پیسیی ژینگە دەبێتەوە."

سەعید لەیلا، شرۆڤەکارێکی سیاسی و ئابووریی ئێرانی بە ڕۆژنامەکەی وتووە: "خوزستان ناوەندی گرینگترین سەرچاوەکانی داهاتی ئابوورییە واتە نەوت و گاز،... بەڵام ئەم ئۆستانە ئێستایش خەسار دەبینێ و هەمیشە مەترسیی کێشەی ئێتنیکی لەسەرە".

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "ئەهواز کە لە پەنای کاروون، درێژترین ڕووباری ئێران هەڵکەتووە، بۆ چەندین سەدە یەکێك لە گرینگترین شارەکانی ئێران بووە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بە هۆی شەڕی دوورودرێژی ئێران لەگەڵ عێراق و هەروەها نەبوونی پراکتیسی کشتوکاڵی بەقەدەر پێویست، بە ڕادەیەکی زۆر خەسار دەبینێ. یەکێك لە پیسترین شارەکانی جیهانە لە ڕووی ئاووهەواوە و کەمیی ئاوی خواردنەوەش یەکێکی دیکە لە کێشەکانیەتی.

هەزاران کەس رۆژی سێشەممە مزگەوتی موسەلای ئەهوازیان بۆ بیستنی وتاری رووحانی لە رەوتی ئەو سەردانەیدا پڕ کرد کە بەشێك لە قسەکانی بە عەرەبی بوو. زۆرێك وێنەی ئەندامانی بنەماڵەکەیان بەرز کردبووەوە کە لە شەڕی ١٩٨٠-١٩٨٨ لەگەڵ عێراقدا کوژرابوون. خەڵکانی دیکە سکاڵا و داواکارییەکانیان بە ناو و ناونیشانی خۆیان نووسیبوو، بەو هیوایە کە ئەندامانی تیمی رووحانی کۆیان بکەنەوە.

پاش دووانەکە، زۆرێك لە یادداشتەکان لەسەر عەرزی مزگەوتە بەتاڵەکە کەوتبوون، نێوەڕۆکیان ڕەنگدەرەوەی داستانی ئازاری ئەهواز بوو. زۆربەی تکا هاوبەشەکان بۆ هەوای خاوێن، ئاوی خواردنەوە و دابەزینی نرخەکان و کار بوون.

شەهناز عەبباسی، ژنە ماڵدارێکی ٥٣ ساڵە کە لەگەڵ دۆستەکانی لە نێو ئاپۆرای گوێگرانی رووحانیدا بوو، وتی: "کوڕەکەم بێکارە، هاوسەرەکەیشم بێکارە. پارەکە یەکێك لە گورچیلەکانی فرۆشت و تەنیا بەو هۆیەوە توانیمان بژین، بەڵام بە زەحمەت دەژین. ئێمە ئێستاش زۆر زۆر هەژارین و چاوەڕوانی نیشانەیەك لە باشتربوونی دۆخەکەین".

"فرۆشتنی ئەندامانی لەش لە ئێراندا یاساییە و هەندێ لە ئێرانییە هەژارەکان لە تەنگانەدا پەنای بۆ دەبەن".

سەرچاوە:
Washingtonpost.com

# مانەوە و گێڕانەوە

## فەلسەفەی گێڕانەوە لە ڕوانگەی عەباس مەعرووفییەوە

وەرگێڕانی ڕەهبەر مەحموودزادە



(٢ ـ ٣)

**بەشی دووەم ـ چیرۆك واتە دۆزینەوە**

ئەدەبی داستانی بە شێوەی ئیستقرای ڕیازی دەگووڕێ. واتە بە شێوەی دۆزینەوەی لادێ بە لادێ، گرتنەوەی سەنگەر بە سەنگەر و هەنگاو هەڵهێنانەوە لە پاژەوە بۆ گشت. چیرۆکنووس بێژەری هەواڵ نییە هەتا ڕاستبێژانە دەقی هەواڵەکان بە خەڵك ڕابگەیێنێ و بە گەلاڵە کردن بەسەریاندا تێبپەڕێ. کۆمەڵناس و فیلسووفیش نییە. ئەگەر سەرەدەرەیەکیش لە دەروونناسی دەردەکا لەبەر ئەوەیە ئاگاداری پێکهاتەی کەسایەتییەکانی بەرهەمەکەی بێ، دەنا خواهەڵناگرێ دەروونناسیش نییە. چیرۆکنووس ئەوەندە شلك و بگۆڕە بتوانێ خەریکی تماشا کردنی کەسایەتییەکانی بێ و بزانێ چ کارێکی ورووژێنەر دەکەن یا چ قسەیەکی تازە لە دەمیانەوە دێتە دەر. بەرگە گرتنەکەی بارتەقای بەرگەگرتنی خودایە، خۆی چاو و گوێ و زمان و ئاوەز دەدا بە خولقێندراوەکانی و دوایەش هەر خۆی بە سەرسوڕمانەوە دەڕوانێتە قسە و ئاکاری ئەو بوونەوەرە دوو پێیە.

چیرۆك واقیعێکە کە گەیشتبێتە هەرمان. هێمینگوەی دەڵێ :" نووسەرێکی چاك، وەسف ناکا بەڵکوو دەخولقێنێ... کێ کۆترێکی کەوی فێری هەڵفڕین دەکا؟

**بنیادنانی پەخشانی ساکار**

هێمینگوەی ناسراوترین نووسەری سەدەی بیستە و بنیادنەری شێوازێکی نوێ و پەخشانێکی ساکار لە ئەدەبی ئەمریکایە. ئەو بۆ چیرۆك نووسین حەیاتی لە خۆی دەبڕی، واتە وەها کاری لەسەر بەرهەمەکەی دەکرد وەك ئەوەی بیەوێ پشوو لە خۆی ببڕێ. خۆی دەڵێ: " هەمیشە ئەو کارەی دوێنێ کردوومە دەستی تێ وەردەدەمەوە. کاتێك بەرهەمەکە تەواو بوو سروشتییە جارێکی دیکە پێیدا دەچمەوە. وەختایەك تایپەکەش تەواو دەبێ جارێکی تر ئەم هەلەم بۆ دەرەخسێ گۆڕانکارییەك لەم دەقە تایپ کراوە پاك‌وخاوێنەشدا بکەم. دوایین دەرفەت ئەو کاتەیە کە خەریکی خوێندنەوەی نوسخەی چاپخانە دەبم. کەیفخۆشم ئەو گشت دەرفەتانەم بۆ هەڵدەکەوێ."

ئێرنێست هێمینگوەی نووسەرێکە خاوەنی شێوازی داهێنەرانەی تایبەت بە خۆیەتی. هێمینگوەی کاتێك ناوی کەسایەتییێك دەهێنێ پێی سەیرە تۆ چۆن نایناسی! هێمینگوەی تەنانەت شەقام و شار و کۆڵان و قاوەخانەش وەها دەنەخشێنێ وەك ئەوەی هەموو لایەك بزانن باسی چ دەکا. ئەدەبی داستانیی جیهان، دوای هێمینگوەی گۆڕانی بەسەر داهات. ئەو کە دارەدارەی لە بازنەی ئەدەبی مالکۆم کاولیی پاریسدا کردبوو وەها لە شەقەی باڵی دا کە بازنە ئەدەبییەکان چاویان لە تەشقی عاسمانان بڕی هەتا سەرسوڕمان لەو بەرزەفڕییە بزە بخاتە سەر لێوانیان.

ئارچیبالد مەك‌لیش ئەم هۆنراوەیەی بۆ هێمینگوەی هۆنیوەتەوە:

لە بیست ساڵییەوە پێشمەرگەیەکی خاراو
لە بیست و پێنج، نێوبانگی وڵاتانی تەنییەوە
لە تەمەنی سی مامۆستایە
بۆ چاخی خۆی شێوازێکی
لە داری گوێز تراشی

یەکێك لە دەستەڵاتە سەیرەکانی هێمینگوەی ئەوەیە عادەتەن لە ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار کەڵك وەرناگرێ. کەچی ئەوەی حەزی لێ بێ ڕۆی دەنێ. ئەوە زەحمەت نییە نووسەرێك کە دەیەوێ باسی کەسێکی تووڕە بکا بڵێ تووڕەیی بە سیمایەوە دیار بوو یا بە تووڕەییەوە هاتە ژوور... ئەوانە هاسانن، بەڵام...

ئەم وشە کلێشەییانە بەکاری خوێنەری ئەمڕۆ نایێن. نووسەر دەبێ دەرەقەتی ئەوە بێ حالەتەکانی مرۆڤ بە شێوەی تایبەتی خۆی نەخش بکا.

هەواڵ عادەتەن گشتییە. هەواڵی پاشەکشە و شکست هێنان لە شەڕدا بە ڕستەیێك دەردەبڕدرێ و خەڵکیش لە ڕادیۆ دەیبیسن یا لە ڕۆژنامە دەیخوێننەوە. بەڵام ئەم هەواڵانە نابن بە چیرۆك. هێمینگوەی پاشەکشە و شکست هێنان بە هۆی قوڕوچلێپاو و چەرخی دروومان و بارانەوە دەنەخشێنێ. ئەو ڕاپۆرتی شەڕ نانووسێ بەڵکوو چیرۆك و ڕۆمان دەخولقێنێ:

"شەوێ جەماعەتێکی زۆر لە لادێییەکان لە جادەکانی دەشتەوە تێکەڵی کاروان بوون. لەناو کارواندا عارەبانەکان شتومەکی ماڵانیان دەکێشاوە. ئاوێنە لە توێی دۆشەکاندا شەبەقیان بەرەو سەرێ دەهاویشت و مریشك و مراوی بە عارەبانەکانەوە هەڵاوەسرابوون. لەسەر عارەبانەکەی پێش ئێمە چەرخێکی دروومان بارانەی بەسەردا دەباری. لادێییەکان بەنرخترین شتومەکەکانیان لەگەڵ خۆیان ڕەکێش کردبوو. لەسەر هێندێك لە عارەبانەکان ژنان تێك خزابوون و ئەوانەی دیش بەدیار عارەبانەکانەوە بە پێیان دەڕۆیشتن. ئێستا لە کارواندا چوارپێیەکان بە دەم ڕۆیشتنی کاروانەوە لە بن عارەبانەکاندا غاریان دەدا. جادە بووبوو بە قوڕ. جۆگەکانی تەنیشت جادە ئاوی زۆرتریان نەدەبرد و لەوبەری ئەو دارانەی لە تەنیشت جادە دا ریز بووبوون، قوڕ و لیتەکە لەوە زیادتر بوو بواری پەڕینەوە بدا بە پیاو. لە ماشێن دابەزیم و نەختێك بە جادەدا ڕۆیشتم. بەدوای شوێنێکدا دەگەڕام بکرێ لە وێوە پێش خۆم بەدی بکەم و بتوانم لاڕێیەکی ئەوتۆ بدۆزمەوە بەناو دەشتدا تێبپەڕێ. دەمزانی ئەو ناوە لاڕێی زۆرە بەڵام نەمدەویست بەسەر ڕێی وا دا بکەوم نەمانگەیێنێتە چ جێیان."
(بەشێك لە "ماڵاوایی لە چەك")

**جووڵە**

هێمنگوەی دەڵێ: "جاری وایە چیرۆکەکە دەزانم و جاری وایشە لە کاتی نووسیندا ڕۆی دەنێم و نازانم چی لێ وەدەر دەکەوێ. هەر چەندەی دەچمە پێشتر گەلاڵەی پێشووم گۆڕانی بەسەر دا دێ. جووڵە چیرۆك دروست دەکا."

"بەر لەوەی کەواکەم بکەمە بەرم، ئەستێرە پەڕۆکانم لە قۆڵەکەی کردەوە و لەگەڵ پارەکەم دە گیرفانم نان. پارەکەم تەڕ بووبوو بەڵام کەلکی پێوە مابوو. ئەژماردم، سێ هەزار لیر و شتێك بوو. جلکەکانم تەڕ و نووسەك بوون و من دەستم لە قالبم دەخشاند هەتا خوێنم لە گەڕیان نەکەوێ. ئارەق گیرێکی پەشمینەم هەبوو و پێم وانەبوو سەرمام لێ دا، بەو مەرجەی بجووڵێم. لە جادەدا دەمانچەکەیان لێ دزیبووم و من بەرگەکەیم لە ژێر کەوام شاردەوە. بە تەنیشت جۆگەلەکەدا هەڵکشام، ڕووناك بووبووەوە و دەشت تەڕ و نزم و بەدووم دەهاتە بەرچاو. کێڵگەکان ڕووت و تەڕ بوون. لە دوورەوە بورجی ناقووسم بەدی دەکرد کە لەناو دەشتاییدا بەرز بووبووەوە. چوومە ناو جادە و چەند چەکدارێکم دی کە لە پێشەوە دەهاتن. پازدم دایە قەراغ جادە..." (بەشێك لە ماڵاوایی لە چەك)

**کۆتاییی ڕاوچیی مەزن**

دەکرێ کتێبی "ماڵاوایی لە چەك" بکەینەوە و بیخوێنینەوە، لە هەر شوێنێکی دڵمان دەیگرێ. وێنە و دیمەنەکان بە زیندوویی لەبەر چاومانن. مرۆڤەکان زیندوون، خۆشەویستن و زیادتر لەمانە مرۆڤن. مرۆڤ کاتێك کتێبەکانی هێمینگوەی دەخوێنێتەوە تامەزرۆیە بزانێ ئەم ڕاوچییە مەزنە چۆن کۆتایی پێهات. بەیانەی ڕۆژێکی هاوین لە ساڵی ١٩٦١دا، هێمینگوەی لە خەو ڕاست بووەوە. بەڕواڵەت باش بوو و بەڵای لێ نەبوو. لە پێپیلکانی ماڵەکەی چووە خوارێ و تفەنگە گرانباییەکەی ڕاوی هەڵگرت. کەس نەیدەزانی چ دەقەومێ. هەر ئەوەندە بوو دەنگی تەقەیەك بەرز بووەوە. کاتێك هاوسەری بەهەڵەداوان و بە هاڵۆزی گەیشتە سەری، کەوتە سەر تەرمی هێمینگوەی. لێو و چەنەگە و بەشێك لە گۆناکانی ساغ مابوونەوە بەڵام باقی سەر و ڕوومەتی بڵاو بووبوو. ژنەکەی پێی وابوو بە هەڵکەوت گوللەی لە دەست دەرچووە. بەڵام ئەم هەڵکەوتە دەبێ هەڵکەوتێکی دەگمەن بووبێ. چونکە هەموو هێماکان وایان دەردەخست گوللەکە لە زاری هێمینگوەی خاڵی کراوە.

# دوو کورتە شیعری عەلیڕەزا عەباسی

و: ناهید حسێنی



**ئەوەیکە ئاسمان دەستێکی نییە**
**بۆ لەئامێز گرتنی باڵندەکانی**
**وەکوو ئەوە وایە**
**دەستەکانتیان بەستبێتەوە و**
**ئەوەی کە خۆشت دەوێ**
**بەرامبەرت وەستابێت**

***

**پیاسەکردن لە ژێر باراندا**
**چیدیکە بە هانای خۆشەویستییەوە نایەت**
**حەیاتم!**
**لەم دنیا مۆدێرنەدا**
**دەبێت زرێ لەبەرکەین و**
**بەرگری لە دڵەکانمان بکەین**

# "کڵاوبەرداریی ئامریکایی" گەورەترین براوەی خەڵاتی گۆڵدێن گلوب

وەرگێڕان: ئیسماعیل ڕەحمانی

حەفتاویەکەمین خولی خەڵاتی گولدێن گلوب بە میوانداریی دوو ئەکتەری بەناوبانگی ئامریکایی بە ناوەکانی "تینا فی" و "ئێمی پولێر" لە شاری لۆس ئانجلێسی کالیفۆڕنیا بەڕێوەچوو کە درامای تلویزیونیی "ڕێگای خەلافکاری" و فیلمی "کڵاوبەرداریی ئامریکایی" لە هەموو کاندیداکانی دیکە باشتر درەوشانەوە.

یەکیەمین خەڵاتی شەوی یەکشەممە بە هۆی ڕۆڵی تەواوکەری ژن لە فیلمی "کڵاوبەرداریی ئامریکایی" درا بە "جنیفێر لارنێس".

"ئێمی ئادامز" ئەکتەری ژنی فیلمی "کڵاوبەرداریی ئامریکایی" بوو بە براوەی یەکەمی، گۆڵدێن گلوب.

هەروەها "کڵاوبەرداریی ئامریکایی" خەڵاتی باشترین فیلمی لە بواری کۆمێدی یان موزیکاڵدا بەدەست هێنا.

"برایان کرانستۆن" ئەکتەری سەرەکیی درامای سەرکەوتووی تلویزیونی "ڕێگای خەلافکاری" پاش پێنج جار کاندید کران، یەکەمین خەڵاتی گۆڵدێن گلوبی خۆی بردەوە.

دوایین بەشی ئەم درامایە کە لە ئامریکا لایەنگرێکی زۆری هەیە ساڵی رابردوو کۆتایی هات. "ڕێگای خەلافکاری" هەروەها بە باشترین درامای خەمهێنەریش ناسێندرا.

فیلمی "١٢ ساڵ کویلەتی" خەڵاتی باشترین فیلمی لە بەشی خەمهێنەردا بەدەست هێنا.

"کاپیتان فیلیپس"، "هێزی ڕاکێشان"، "خێرایی" و "فیلومنا" کاندیداکانی دیکەی ئەم بەشە بوون.

"مەتیۆ مەکانی" بە هۆی ڕۆڵگێران لە فیلمی"یانەی کڕیارانی دالاس" خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی بەدەست هێنا.

"چیویتل ئەجیوفر" بە هۆی ڕۆڵگێڕان لە فیلمی" ١٢ ساڵ کویلەتی" ، "ئیدریس ئالبا" لە فیلمی" ماندێلا ڕیگایەکی درێژ تا ئازادی" ، "تام هنکس" بە هۆی "کاپیتان فیلیپس" و "رابێرت ڕێدفۆرد" بۆ فیلمی "هەموو شتێك لەدەست چووە" کاندیداکانی دیکەی ئەو بەشە بوون.

"کیت بلانشت" ئەکتەری ئوسترالیایی بە هۆی ڕۆڵگێڕان لە فیلمی "جاسمینی غەمگین" خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنی لە بەشی خەمهێنەردا بردەوە.

کاندیداکانی دیکەی ئەم بەشە بریتی بوون لە: ساندرا بولاك لە فیلمی "هێزی ڕاکێشان"، "جودی دنچ" لە فیلمی "فیلومنا"، "ئێما تامپسۆن" لە فیلمی "ڕزگاربوونی ئاغای بێنێکس" و هەروەها "کیت وینسلت" لە فیلمی "ڕۆژی کرێکار".

لێئۆناردۆ دی کاپریۆ بە هۆی ڕۆڵگێڕان لە فیلمی "گورگی واڵ ستریت" خەڵاتی باشترین ئەکتەری کۆمێدی یان موزیکالی بردەوە.

"ئالفونسو کوارون" بە هۆی بەرهەمهێنانی فیلمی "هێزی راکێشان" بوو بە باشترین دەرهێنەر.

فیلمی "بەستەڵەك" خەڵاتی باشترین ئەنیمەیشنی ساڵی بردەوە.

فیلمی "جوانی مەزن" بەرهەمی ئیتالیا خەڵاتی باشترین فیلمی بیانیی بردەوە.

فیلمی "ڕابردوو"ی ئەسغەر فەرهادی لەم بەشەدا کاندید کرابوو.

"ژاکلین بیسە" ئەکتەری بریتانیایی بە هۆی ڕۆڵگێڕان لە فیلمی "سەماکردن لەسەر لێوار" دروستکراوی بی بی سی خەڵاتی بردەوە.

"هەموو شتێ لەدەست چووە" لە سەر ژیانی کەسێکە کە لە دەریادا تووشی زریان هاتووە بە ڕۆڵگێڕیی "ڕابێرت ردفورد" خەڵاتی باشترین مۆسیقای بردەوە.

فیلمی"١٢ ساڵ کویلەتی" بە هۆی ٧ جار کاندید کردن لە سەرەوەی کاندیداکانی ئەم خەڵاتانە بوو کە لە کۆتاییدا تەنیا خەڵاتی باشترین فیلمی لە بەشی خەمهێنەری بەدەستهێنا.

لە خەڵاتی گۆڵدێن گلوب بەرهەمە سینەمایی و تلویزیونیەکان سپاسیان لێ دەکرێ. ئەم خەڵاتانە لەلایەن "کۆمەڵەی ڕاگەیەنکاری دەرەوەی هالیوود"ەوە دەبەخشرێ.




# قوتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم

قوتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم، بزووتنەوەیەکە بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر هەموو سیستم و یاسا ئارامانخوازانەکان کە دەیانهەوێ بە سەر مرۆڤدا حاکم بن. ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەی زۆربەی قوتابخانە ئەدەبییەکان، لە جێگەی خووی ئەدەبی و شاعیرانە، ناوەڕۆکی فەلسەفیی هەیە. سەرەتا سورن کی یرکە گور، فەیلەسووفی ئیگزیستانسیالیستی دانمارکی، ئەم تیۆرییە فەلسەفییەی هێنا گۆڕێ و فیلەسووفە ئاڵمانییەکان وەکوو کارل یاسپرس و مارتین هایدگێر پەرەیان پێدا. پاشان ژان پۆل سارتێر، مامۆستای لێهاتووی فەلسەفە، ئەم قوتابخانەیەی بە کۆمەڵگای ئەدەبی فەرانسە ناساند. ڕوانگەی فەلسەفیی ئەم قوتابخانە بە بەرهەمەکانی سارتێر، ئالبێرت کامۆ و سیمۆن دوبووار بە کردەوە هاتە نێو ئەدەبیات و قوناغێکی لە ئەدەبیاتی فەلسەفەی لە مێژوودا خستە ڕوو.

هەواڵ

## شاعیرێکی کرماشانی بەهۆی سانسۆری کتێبەکەیەوە، خۆی لە چاپ کردنی بوارد

بەرهەمی شاعیرێکی کوردی خەڵکی شاری سەحنە لە ئوستانی کرماشان، لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئێرانەوە بەرەورووی سانسۆر بوویەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا کۆمەڵە شێعری "مردن بە مەرجی فریشتە" بەرهەمی فەریاد شیری، کە هەڵبژاردەیەك لە ٤ کۆمەڵە شێعری لەچاپ دراوی ئەو شاعیرە کوردەیە، بە مەرجی سانسۆر کرانی ٣٠ شێعری ناو ئەو کتێبە مۆڵەتی چاپی پێ درا.

دەگوترێت، کە فەریاد شیری لە ئەنجامی سانسۆری ئەو کۆمەڵە شێعردا، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی، خۆی لە چاپ کردنی بەرهەمە شێعرییەکەشی بواردووە.

فەریاد شیری: "چیدیکە هیچ کتێبێك بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی چاپ، ڕەوانەی فەرهەنگ و ئیرشاد ناکەم"

فەریاد شیری ڕایگەیاندووە، ئەو کۆمەڵە شێعرە لە کاتێکدا بەرەورووی سانسۆر بوونەتەوە، کە پێشتر لە دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد"دا بەبێ سانسۆر لە چاپ دراوە و هەروەها چەندین جاریش لە چاپ دراونەتەوە.

ئەو چیرۆکنووسە کوردە گوتوشیەتی، بە هاتنە سەر کاری حەسەن ڕۆحانی دەنگۆی ئەوە بوو، کە سەردەمی سانسۆر کۆتایی هاتووە، بەڵام نەتەنیا سانسۆر کەمی نەکردووە بەڵکوو زۆر زیاتریش بووە، بەڵام گلەیی و سەرسووڕمانی من ئەوەیە ئەم شێعرانە چۆنە کە لە دەوڵەتی پێشوودا ئیزنی چاپیان پێدراوە، بەڵام ئەم دەوڵەتە کە ئیدیعای لابردنی سانسۆڕی هەیە، مۆڵەتی چاپ نادات.

ڕەخنەگری کورد ئاماژەی بەوەش کردووە، چاوەڕوان بووم کە لەم دەوڵەتەدا دۆخی چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەریی کورد باشتر بێت و کتێبەکانم بەبێ گیرو گرفت لە چاپ بدرێن، بەڵام بەم دۆخەی ئێستاوە چیدیکە هیچ کتێبێك بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی چاپ، ڕەوانەی فەرهەنگ و ئیرشاد ناکەم.

حەسەن ڕۆحانی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا باسی لە پەرەپێدانی فەرهەنگی و هاوکات جیاکردنەوەی حەوزەی سیاسەت و فەرهەنگی لەیەکتر کردبوو، بەڵام ئەوەش لە حاڵێك دایە کە بەبڕوای زۆربەی چالاکانی فەرهەنگی دۆخی خراپی چاپەمەنی و سانسۆر بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی سەرکۆماریی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد، هیچ گۆڕانێکی بەخۆیەوە نەبینیوە.

## میترا فەراهانی دێکۆمنتارسازی ئێرانی بوو بە داوەری فستیڤاڵی فیلمی برلین

میترا فەراهانی دێکۆمنتارساز و نیگارکێشی ئێرانی بۆ ئەندامەتی لە هەئیەتی داوەرانی فستیڤاڵی فیلمی برلین لە ساڵی ٢٠١٤دا هەڵبژێردرا.

فەراهانی کە چەندین بەرهەمی دێکۆمنتاری هەیە، دانیشتووی شاری پاریسە.

دێکۆمنتارییەکانی "زوهرە و مەنوچێهر" کە لە بارەی پێوەندی جێنسی لە ئێرانە و " کلیکفی فی لە خۆشیدا دەلوورێنێت" هەر دووکیان لە بەشی پانۆرامای فستیڤاڵی فیلمی برلین نمایش کراون.

لە ساڵی ٢٠٠٢یشدا بەرهەمێکی ئەو لە ژێر ناوی " تەنیا یەك ژن" لە لایەن هەئیەتی داوەرانەوە" خەڵاتی تێدی" لەم فستیڤاڵەی بەدەست هێنا.

بەرپرسی هەئیەتی داوەرانی شەست و چوارەمین فستیڤاڵی فیلمی برلین، جیمیز ئیسکاموس ئامادەکاری ئامریکاییە و میشێل گوندری و کریستۆف والتێس، ئەکتەری ئۆتریشی لە ئەندامەکانی دیکەی هەئیەتی داوەرانن. ئەم فستیڤاڵە بڕیارە لە ٦تا ١٦ فورییە بەڕێوە بچێ.

شایانی باسە پێشتر فیلمسازانێك وەك شیرین نشات و ئەسغەری فەرهادی لە هەئیەتی داوەرانی ئەم فستیڤاڵەدا بەشدار بوون.



بێ دوان...

# ١٠ شاکاری هونەری لە ساڵی ٢٠١٣دا

پڕبەهاترین بەرهەمە هونەرییەکانی ساڵی ٢٠١٣ی زایینی بریتین لە:

١. تابلۆی "ئەتود سەپارە لوسین فروید" بەرهەمی "فرانسیس بیکێن"ە کە بە فرۆشی ١٤٢ میلیۆن و ٤٠٠هەزار دۆلار، ناوبانگی پڕبەهاترین بەرهەمی هونەری کە تا هەنووکە فرۆشراوەی بەدەست هێنا. شاکاری سەرنجڕاکێشی بیکێن لە مانگی نوامبر لە نیویۆرك فرۆشراوە. پێش لەمە پڕبەهاترین نیگارکێشی بۆ تابلۆی بەناوبانگی "جیغ" شاکاری "ئیدوارد مونێش" بوو کە لە مانگی مەی ٢٠١٢ بە نرخی ١١٩ میلیۆن و ٩٠٠ هەزار دۆلار فروشراوە.

٢. "پێکدادانی ئۆتۆمبێلی زیوین" بەرهەمی "ئەندی وارهوڵ" پلەی دووهەمەی ئەم ڕیزبەندییەی بەدەستهێنا. ئەم تابلۆییە لە ڕۆژی ١٣ی نوامبر بە نرخی ١٠٥ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆلار لە "ساتبی" نیویۆرك فرۆشرا.

٣. "ئیزاك وولف" ئەڵماس تراشی بەناوبانگی نیویۆرکی بە ئەڵماسی پەمەیی ٨٣ قیراتی خۆی پلەی سێهەمی ئەم ڕیزبەندییەی بەدەست هێنا. ئەم ئەڵماسە بە نرخی ٨٣ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلار فرۆشراوە. ناوی ئەم ئەڵماسە "ئەستێرەی پەمەیی"یە و گەورەترین پارچە بەردی تراشراو و بێ کەموکۆڕیە کە لە دامەزراوەی گەوهەرناسی ئامریکا تۆمار کراوە.

٤. جێف کۆنز" پێکەرتاشی ٥٨ ساڵە بە "سەگی فوودانە" لە "کریستی" نازناوی پرفرۆشترین هونەرمەندی زیندووی بەدەست هێنا. پەیکەرەکەی ئەو لە دوازدەی نوامبر بە نرخی ٥٨ میلیۆن و ٤٠٠هەزار دۆلار فرۆشراوە.

٥. "نگارکێشی ژمارە ١٩" تابلۆی ساڵی ١٩٤٨ی "جەکسۆن پولاك"ە کە بە نرخی ٥٨ میلیۆن و ٣٦٠ هەزار دۆلار فرۆشراوە. پولاك نیگارکێشی هەڵکەوتووی شێوازی ئەکسپرسیونیسمە کە لە کێشانەوەی شاکارە ئابستریەکان بەناوبانگە.

٦. لە پلەی شەشەمی ئەم پێرستە بۆ جارێکی دیکە ناوی "ئەندی وارهۆڵ" نیگارکێشی ئامریکای دەبینرێ. تابلۆی ساڵی ١٩٦٢ ئەو لە بتڵی کوکاکولا بە نرخی ٥٧ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار دۆلار لە نیویۆرك فرۆشراوە.

٧. "روی لیختنشتاین" بە تابلۆی "ژنێك بە کلاوی گوڵدار" کە لە ساڵی ١٩٦٣ بەرهەم هاتووە پلەی حەوتەمی ئەم پێرستەی بەدەست هێنا کە بە نرخی ٥٦ میلیۆن و ١٠٠هەزار دۆلار فرۆشراوە.

٨. میدالیای برونزی "ئالبرتۆ جیاکومتی" کە بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕووخساری براکەی ئافرێندراوە، بە نرخی ٥٠ میلیۆن دۆلار فرۆشراوە.

٩. ژان میشێل باسکیت بە تابلۆیەك کە لە ساڵی ١٩٨٢ ئافڕاندوویەتی ئەم پلەی لەم ڕیزبەندییە بە دەست هێناوە کە بە نرخی ٤٨ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار دۆلار فرۆشراوە.

١٠. پلەی دەیەمی ئەم پێرستە بە شێوەی هاوبەش درا بە دوو هونەرمەندی هەڵکەوتوو "نگارکێشی ژمارە ١١" و "تابلۆی نزای سپاسگوزاری" ناوی دوو بەرهەم لەم هونەرمەندانەی کە هەر یەکیان بە نرخی ٤٦ میلیۆن دۆلار فرۆشراوە.

# لە ئینشعابەوە بۆ یەکگرتنەوە

وتوویژ: کوردستان

**لە ڕێکەوتی دامەزراندنی یەکەمین حیزبی سیاسی لە جیهاندا واتە ساڵی ١٧٩٢ی زایینی تا یەکەمین جیابوونەوە لە نێو حێزبە سیاسییەکاندا لە ساڵی ١٨٢٤ی زایینی لە ویلایە یەکگرتووەکانی ئامریکا و دروست بوونی یەکەمین حیزبی سیاسی لە ئێران لە ساڵەکانی ١٩٢٠ی زایینی و یەکەمین حیزبی سیاسی لە کوردستانی ئێران واتە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی کە بەرهەمەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ئێستایە، مێژووی حیزبە سیاسییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە.**

**لە ڕاستیشدا حیزبی دێموکراتیش لەم هەوراز و نشێوانە بێبەش نەبووە و لە مێژووی ٦٩ ساڵەی دامەزراندنی خۆیدا تووشی گەلێک قەیران و ئاڵۆزی بووە کە دەتوانین لەم قەیران و ئاڵۆزییانە هێما بکەین بۆ یەکەمین جیابوونەوەکان لەم حیزبە لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینی لە کونگرەی چوارەمی ئەم حیزبە و جیابوونەوەی تاقمی ٧کەسی، ساڵی ١٩٨٨ی زایینی و جیابوونەوەی گرووپێک کە ناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێریان لە خۆیان نا، شەهیدبوونی دوو سکرتێری ئەم حیزبە لە ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٢ی زایینی تا جیابوونەوەی کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە پاش کونگرەی ١٣ لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی.**

**بابەتێک کە لەم ڕۆژانەدا بووەتە ڕۆژەڤی پرس و باسە پێوەندیدارەکان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پرسی یەکگرتنەوەی ئەو هاوڕێیانەیە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا.**

**ڕۆژنامەی کوردستان بە بۆنەی ١٩ی بەفرانبار، ڕێکەوتی هاتنەوەی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر" بۆ نێو ڕیزە تەشکیلاتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی و گەرمبوونی باسی یەکگرتنەوە لە سەردەمی ئێستادا، وتوویژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک موحەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرپەرستی گرووپی دانووستانکاری حیزب بۆ پرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو پێک هێناوە تا لەم پێوەندییەدا دوایین زانیاری و وردەکارییەکان بخاتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەی کوردستان.**

**پ١: بەڕێز کاک موحەممەد نەزیف سەرەتا ئەگەر بکرێت بە کورتی باسی جیابوونەوەکانی ڕابردوو لە حیزبی دێموکرات و بەتایبەت ئەو هۆکارانەمان بۆ بکەن کە چی بوو بە هۆی ئەوەیکە پاش کونگرەی ١٣ی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حێزبە لە ڕیزەکانی حیزب جیابوونەوە و ئینشعابیان کرد؟**

**و:** بەو ئاوڕدانەوەی کە هێماتان بۆ کرد، لە مێژووی خەباتی حیزبە سیاسییەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی هەوراز و نشێوی زۆر بووە و ئەمەیش شتێکی سروشتییە. جیاوازیی بیروڕا و خوێندنەوەی جۆراجۆر لەسەر پرسە سیاسییەکان و جیاوازیی لە شێوەی بەڕێوەبردن و زۆر بابەتی دیکە هۆی ئەم جیابوونەوانەیە. ئەوەی جێی سەرنج و تێڕوانینە و لەلایەن ڕای گشتییەوە بە بایخەوە شرۆڤە دەکرێ ئەوەیە، ئایا دوایی هەر جیابوونەوەیەک ڕێکاری کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکان و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان لەبەر دەگیرێ کە نەبێتە کۆسپ لەسەر بەردەوام بوونی خەباتی ئەو لایەنە سیاسییە؟ ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر جیابوونەوەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم لایەنی فکریی هەیە و هەم لایەنی تکنینکی ـ وەک جیابوونەوەی ئەو کەسانەی لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب کە بە تاقمی ٧ کەسی ناسراون ـ ئەو هاوڕێیانە پێوەندییان بە حیزبی تودەی ئێرانەوە بوو، شێوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی سیاسی و چۆنیەتیی هێنانە بەرباسی داخوازییەکانی گەلی کوردیان لە چوارچێوەی جیهانبینیی ئەو حیزبەدا بوو، بە گشتی باوەڕیان بەو شێوە خەباتە نەبوو کە لە کۆنگرەی چواردا جەختی لەسەر کرا. ڕەوتی ڕووداوەکانیش دەری خست کە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروست بوون و هەم حیزبی تودە و هەم ئەو کەسانە جیابوونەوە بە ئەو ئەنجامە گەیشتن کە بە لاڕێدا چووبوون.

جیابوونەوەی کونگرەی ٨ زیاتر لایەنی تکنیکی بوو تا لایەنی فیکری. چون ئەو هاوڕێیانە کە لە کۆنگرەی ٨ی حیزب جیابوونەوە بە ناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر خۆیانیان ناساند، لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی سیاسی و ڕێکخراویی لە ئارادا نەبوو، کۆمیتەی ئامادەکاری ئەو کاتی کۆنگرەی ٨ میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەریی بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسیی ئێران و بزووتنەوەی کورد شێوەکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هێنایە بەر باس و خستیە بە نەزەری نوێنەرانی کۆنگرە و لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا. ئەوان بەوە ڕازی نەبوون و جیابوونەوەی خۆیانیان ڕاگەیاند و لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابڕان. هەروەک هێمام بۆ کرد ئەوان بە هەڵگرتنی ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر) بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ یەکتر وەک دوو حیزب، گیروگرفتێکی لێ کەوتەوە.

جیابوونەوەی ئەو هاوڕێیانە کە دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزب جیابوونەوە و بە ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران" جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، لە ڕاستیدا ئەم جیابوونەوە، نە لایەنی فیکریی بوو نە جیاوازی لە شێوەی گرتنی کۆنگرە و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرە، لەم کۆنگرەیەدا تەواوی ڕێوشوێنەکانی گرتنی بە پەسەندی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە کە سکرتێری ئەوکاتی حیزب بەرپرسی بوو گەیشتووە. هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە جۆرێک چاوەدێریی بەسەر ئەو هەڵبژاردنەدا کرد، کە کەمترین کەموکووڕی پێوە دیار نەبوو و بە شێوەیەکی دێموکراتیک بەڕێوە چوو. بە گشتی هەم لە پەسەندکردنی هێڵە سیاسییەکاندا و هەم لە دیاریکردنی یاسا و ڕێساکانی هەڵبژاردندا بڕیاری گشتیی کۆنگرەی لەگەڵ بوو. بەگشتی ئەم جیابوونەوە هیچ هۆیەکی نەبوو و پاساو هەڵگر نیە، سەرەڕای ئەوە، خودی جیابوونەوەکە زیان گەیاندن بە جووڵانەوەی کورد و یەکیەتیی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. چون بە ناوێکەوە خۆیان ناساند کە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی شکست خواردووی ئەو هاوڕێیانە بوو کە لە کۆنگرەی ٨ جیابوونەوە. هەر دوای ڕاگەیاندنی بەیانییەی جیابوونەوەیان لە یەکەم دانیشتنمان لەگەڵیاندا، داوامان لێکردن واز لە جیابوونەوەکە بێنن چون ئێمە لەسەر ئەو بڕوایە بووین و ئێستاش هەین کە ئێمە هاوڕێ و هاوسەنگەرین و دەکرێ بە دیالۆگ و تەنانەت گرتنی کۆنگرەی پێشوەخت ئەو کەموکووڕیانەی چارەسەر بکەین بەڵام بە داخەوە قبوڵیان نەکرد. دوای ئەوە داوامان لێ کردن ئیستا کە هەر سوورن، لەسەر جیابوونەوە ناوێک هەڵبژێرن نەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێگای دۆستایەتی و هاوکاریمان. بە داخەوە ئەمەیشیان قبوڵ نەکرد و هەر ئەو سیاسەتەی جیابوونەوەی کۆنگرەی ٨یان گرتەوە بەر.



دوای جیابوونەوەیان، باسی یەکگرتنەوەیان هێنایە ئاراوە و لەلای دۆستانی حیزب جۆرێک قسەیان دەکرد کە ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە نایەوێ یەک بگرینەوە. لە حاڵێکدا پێش لە ڕاگەیاندنی جیابوونەوەیان ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دا، بنەماڵەی شەهیدان، مامۆستایانی ئایینی، کەسایەتییە سیاسی و زانستییەکان، پۆل پۆل دەهاتن و داوایان لێکردن ئەو کارە نەکەن. بەڵام بەداخەوە ئەوان بە هیچ هەوڵێکی دڵسۆزان و ئەوانەی بەپرۆشی حیزبەوە بوون گرنگییان نەدا. دوای جیابوونەوەیشیان باسی یەکگرتنەوەیان تەنیا بە مەبەستی پاکانە و پاساوهێنانەوە بۆ جیابوونەوەیان هێنایە ئاراوە. ئێمە پاش ئەو ڕەوشە نەخوازراوە، جارێکی دیکە بە ئەرکی سیاسی و مێژوویی خۆمان هەڵساین و دەستپێشخەریەکی نوێمان دەست پێکرد و لە پلینیۆمی ١٤یەمی کۆنگرەی ١٤یەمی حیزب، ڕێبەریی حیزب بڕیاری ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە دا و دوای دەفتەری سیاسی هەیئەتی بۆ دیالۆگ لەگەڵیان دیاری کرد. پاش ڕاگۆڕینەوە بۆ دیدار و چاوپێکەوتنیان، یەکەمجار هەیئەتی ئێمە سەردانی کردن و پەیامی پلینیۆم و سیاسەتی حیزبیان لەگەڵ هەیئەتی ئەوان باس کرد. هەرچەند بە ڕەواڵەت پێشوازییان لەو سیاسەتەی حیزب کرد، بەڵام دوایی وەک ئەوەی ئێمە و خەڵکی کوردستان و دۆستانی کورد چاوەڕوانیان دەکرد بە پیریەوە نەهاتن و خۆیان لە ئەسڵی مەسەلەکە کە هەوڵی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بووارد و تەنانەت لە گەڵاڵەکەیشیاندا بە لایدا نەچوون.

> **هەڵدان بۆ چارەسەری تەنگ وچەڵەمەکان و هەڵگرتنی لەمپەڕەکانی سەر ڕێگای یەکگرتنەوە، ئەرکی سیاسی و حیزبیی ئێمەیە**

**پ٢: بەسەرنجدان بەو باسەی کە پێشکەشتان کرد، دەتوانن ئێستا باسی ئەوەمان بۆ بکەن کە چی ڕوویداوە کە پاش ٧ ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیهەوێ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە یەک بگرێتەوە؟ ئایا لەم پێوەندییەدا گۆڕانێک بەسەر ڕوانگە و بیروبۆچوونەکاندا هاتووە؟ (مەبەست ئەو ڕوانگە و بیروبۆچوونانەیە کە بوون بە هۆی ئینشعاب لە حیزبدا پاش کونگرەی ١٣)**

**و:** هەڵدان بۆ چارەسەری تەنگ وچەڵەمەکان و هەڵگرتنی لەمپەڕەکانی سەر ڕێگای یەکگرتنەوە، ئەرکی سیاسی و حیزبیی ئێمەیە. هەروەک باسم کرد بۆ ڕوونەدانی ئەو جیابوونەوەیە ڕێبەریی کۆنگرەی ١٣ هەموو ڕێوشوێنێکی گرتە بەر ئەوان قبوڵیان نەکرد. ئەگەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین لە ڕوانگەی ئەو هاوڕێیانەدا، گۆڕان و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی دوای ئەو جیابوونەوەیە بە نیسبەت حیزبەوە پێک نەهاتووە.

**پ٣: لایەنی بەرامبەر واتە هاوڕێیانی پێشوو، باس لەوە دەکەن کە بیرۆکەی یەکگرتنەوەی حیزب یەکەمجار لە لای ئەوانەوە خراوەتە بەر باس و بە پێی ڕاگەیەندراوی فەرمیی خۆیان، ئەوان لە ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی گەڵاڵەیەکیان بۆ یەکگرتنەوە ئامادە کردبوو کە بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئەوکات ئەوان لە ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوییدا پێشکەشیان کردووە بە حیزبی دێموکرات، ئەم لێدوانە فەرمییەی ئەوان تا چەند ڕاستە و ئەگەر ڕاستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم پێوەندییەدا چ هەنگاوێکی هەڵگرتووە؟**

**و:** ئەوە ئەساسی نیە. کەسێک ئەو هەوڵ وتێکۆشانە هەمە لایەنەی دۆستانی حیزب و خەڵکی کوردستان لەبەرچاو نەگرێ و ئینشعاب بکا و ئامادە نەبێ تا گرتنی کۆنگرەیەکی دیکە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بمێنێتەوە و درێژە بە خەباتی خۆی بدا و لە کۆنگرە هەوڵی تەشکیلاتیی خۆی بۆ گەیشتن بە مافە تەشکیلاتییەکانی بدا، چۆن خەڵک و کەسانی سیاسی ئەو قسەیەی لێ وەردەگرن؟ یەکەمجار ئێمە بۆ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر بنەمای سیاسی و تەشکیلاتیی یەکگرتنەوەی دوای کۆنگرەی ١٠ قسەمان کردووە. ئەوەیکە باسی دەکەن تەبیعەتی جیابوونەوەکان جیایە و کۆمەڵێک قسە لەو بارەوە دەکەن ئێمە وتومانە و زۆر دۆستانە قسەمان لەسەر کردووە، خاڵی گەوهەریی ئەو ڕێککەوتننامەیە (گەڵاڵەی پێشنیاریی حیزب) ئەوەیە هەمووان لە دەوری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆ دەکاتەوە و سیاسەتی جیابوونەوە ڕەت دەکاتەوە و کۆتایی بە ئەوە دێنێ کە ئەگەر هەر کەس یا گرووپێک بە ئەنجامی دڵخوازیان نەگەیشتن بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە جیا ببنەوە. ئێمە وتومانە ئامادەین لەسەر خاڵە ئەرێنییەکانی دیالۆگ بکەین. ئەوان بە شێوەیی فەرمی قبوڵیان نەکرد، لە بەرامبەردا نووسراوەیەکیان بۆ ئێمە نارد ـ ناوی گەڵاڵەیان لەسەر داناوە ـ لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیە. لەو بەناو گەڵاڵەیەدا، بە جیابوونەوە ڕەوایی ئەدرێ و هێما بۆ جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکراوە. باس لە دوو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا و یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو. قسە ئەوەیە، شوناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرۆسەیەکی سیاسییە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هاتووە تا ئێستا ئەم پرۆسەیە بە درێژایی مێژووی ٦٨ ساڵەی خەباتی حیزب ڕەوایی لە کۆنگرەکانی وەرگرتووە، ئەوان کە لە دوایین کۆنگرەی هاوبەشمان (ک.١٣) تەواوی هێڵە سیاسییەکان و هێماکانی حیزبیان پەسەند کرد و دوای پێچەوانەی ئەو ڕەواییە هەڵویستیان گرتووە. هەر بۆیە بە شێوەی یاسایی و بە پێی بەرنامە و پێڕەوی حیزب، ناتوانن هەڵگری ئەو شوناسە بن.

**پ٤: ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی دایک، خاوەنی گەڵاڵەیەک بووە یان هەیە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە پاش کونگرەی ١٣ لە حیزب ئینشعابیان کردووە؟**

**و:** پێشتر هێمام بۆ کردووە، ئێمە لەسەر بنەمای سیاسی و تەشکیلاتییەکانی یەکگرتنەوەی دوای کۆنگرەی ١٠ کە هەمووان لەسەری کۆک بووین پێداگری دەکەین.

**پ٥: ئەوان بە فەرمی باس لەوە دەکەن کە ئەو گەڵاڵەیە کە لە لایەن حیزبەوە دراوە بە ئەوان، ڕێک ئەو گەڵاڵەیە کە پێش لە ساڵی ١٣٧٥ بۆ هاتنەوەی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر" ئامادە کراوە و لەو باوەڕەدان کە ئەو گەڵاڵەیە ناتوانێ گارەنتیکەری یەکڕیز مانەوەی حیزب بێت لە داهاتوودا، چون ئەوان لە ڕاگەیەنراوە فەرمییەکەیاندا کە بە ناوی "لە پەراوێزی گەڵاڵەی پێشنیاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"**

درێژەی لە لاپەڕە ٩

# پارێزگای نوێ یا خود گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان!

دارا ناتق

بە درێژایی مێژوویی دەسەڵاتداری لە ئێراندا ڕێژیمە یەك لە دوای یەکەکان، بە مێتۆدگەلێکی جۆراوجۆر، سەرەڕای سیاسەتی ئاسمیلە کردنی کولتوور و شووناسی نەتەوەیی، بە بەردەوامی و بە پیلانی جۆراوجۆر هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکانی کوردستانیان داوە و یەکێك لەو ناوچانەش پارێزگای ورمێ بووە. لە گۆڕینی نێوی پارێزگای ورمێ بۆ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و هەروەها، ڕاگواستنی سەدان کوردی ئەو پارێزگایە بۆ ناوچەکانی خوراسان و دەوروبەری لە سەردەمی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی و هێنانی زیاتر لە ١٥ هزار بنەماڵەی تورك بۆ ئەو پارێزگایە لە سەردەمی شاه سمایلی سەفەوی و تەنانەت گۆڕینی نێوی بەشێك لە گوند و دەڤەرە کوردییەکان بۆ سەر زمانی تورکی و هتد، بەشێکن لە هەوڵ و پیلانگێڕییەکانی دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر ئێراندا. ساڵانێکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەولێ دابەشکردنی ئەو پارێزگایەدایە و هەرجارەو بە بیانوی جۆراوجۆر و ئەمجارەش لە زمانی عوسمان ئەحمەدی نوێنەری شاری مەهاباد، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئەو وڵاتەدا، جارێکی دیکە پێشنیاری دروستکردنی پارێزگایەکی نوێ بە نێوی مۆکریان یان کوردستانی باکوور ورووژێندراو و کاردانەوە و دژکردەوەی جۆاروجۆری بە دوای خۆیدا هێنا.

بێگومان دابەشکردنی پارێزگای ورمێ لەلایەن پیلانداڕێژەرانی ئەو بیرۆکەیەوە، کۆمەڵێك ئامانجی سیاسیی لەپشتە کە جێگای سەرنج و تێڕامانە. وەك دیارە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم لەو پروسەیەدا گۆڕینی دیمۆگرافی ئەو هەرێمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە دروستکردنی ناکۆکییە لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو هەرێمە بەتایبەتی گەلی کورد و ئازەری کە بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆرە بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە دەژین و سەرەڕای ئەوەی کە کورد زۆرینەی پێکهاتەی ئەو پارێزگایە پێکدێنن، بەڵام دەرفەتی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکان و بڕیاراتی ئەو هەرێمەیان پێ نەدراوە. گەلی کورد و ئازەری وێڕای ئەوەی کە لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بێبەش کراون، بەڵام ڕێژیم هەمیشە هەوڵی داوە کە بە پەراوێز خستنی کوردەکان و بەشداری پێکردنی زیاتری ئازەرییەکان لە بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمە لە چوارچێوەی یاساکانی ڕێژیمدا و هەروەها داڵدەدانی تاقم و گرووپ و کەسانی بیرتەسك و توندئاژۆ، تۆوی دوبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو هەرێمەدا بچێنێت و بەو شێوەیە لە ویست و مافە سیاسی و خواستە ڕەواکانی خۆیان دووریان بخاتەوە. هەڵکەوتی جوگرافیایی پارێزگای ورمێ وەك هەرێمێکی جێی بایەخ و خاوەن سامان و سەرچاوەیەکی سامانی ژێرزەویی دەوڵەمەند و پردی پێوەندیی ئابووری و سیاسیی نێوان وڵاتانی ئاسیا و ڕۆژئاوایە، بوونی نەتەوە و ئایین و کولتووری فرەچەشن، هەروەها وێڕای سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و ئاژاوەنانەوە لەلایەن ڕێژیمە یەك لەدوای یەکەکانەوە، توانیویەتی ببێتە خاوەن کۆمەڵگایەکی فرەکولتوور و تۆلۆڕانسی کۆمەڵایەتی و لە هەمووی گرینگتر سەرهەڵدانی تەڤگەری ڕزگاریخوازیی کورد لەو هەرێمەدا بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتییەوە توانیویەتی کولتووری ئاشتی و پێکەوەژیان و هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی بکاتە ڕێڕەوی




ژیانی سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە کە هەر جۆرە هەوڵێکی ڕێژیم بۆ تێکدانی تەبایی و پێکەوەژیانی ئەوپێکهاتانە، بۆتە بڵقی سەر ئاو. هەر بەپێی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، گەلانی بندەستی ئێران و یەك لەوانەش گەلی کورد لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی و کولتووری بێبەش کراون. گەر مەبەست لە دامەزراندنی پارێزگایەکی نوێ بە ناوەندێتی مەهاباد، ڕزگار بوون و دوورکەوتنەوە لە هەڵاواردنی ئایینی و نەتەوەیی و ئابووری بێت، ئاخۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە دەکەونە دەرەوەی ئەو پارێزگا نوێیە چارەنووسیان چیی لێ بێت؟ بۆ وێنە پارێزگای سنە کە سەرجەم پێکهاتەکەی کوردن بەڵام لە رووی خزمەتگوزارییەوە لە ریزی دواکەوتووترین پارێزگاکانی ئێراندایە و لە سەرەتایترین مافە سیاسی و کولتوورییەکانی خۆیان بێبەشن و تەنانەت پۆستی پارێزگاریشیان بۆ کورد بە ڕەوا نەزانیوە و بە وتەی کاربەدەستانی ڕێژیم کەسی شیاو لەو پارێزگایەدا نەبووە. هەر بۆیە کەسێکی غەیرە کوردیان لەو پۆستەدا داناوە. نوێنەری مەهاباد و ئەو کوردانەی کە لایەنگری ئەو بیرۆکەیەن، پێویستە ئەو راستییە بزانن کە ڕوانگەی ئەمنییەتیی ڕێژیم بەرامبەر بە کوردستان روانگەیەکی نەگۆڕە و یاسای بنەڕەتیی ئەو ڕێژیمە، هیچ دەرفەتێکی خۆبەڕێوەبەری و بەشداریکردن لە بڕیاراتی ئەو هەرێمە بۆ خەڵکی کوردستان بە ڕەوا نازانێت.

لە وەها دوخێکدا، پێویستە سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایە بەگشتی و بەتایبەت گەلی کورد و نۆێنەرانی کورد بە جێگای وروژاندنی باسگەلێك کە دەرەنجامەکەی دەبێتە هۆی هەرچی خێراتر بەدیهاتنی پیلانەکانی ڕێژیم و هیچ خزمەتێك بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد ناکات و لە هەمانکاتدا زەرەرمەندی سەرەکیش کوردەکانی ئەو پارێزگایە دەبن، هەر بۆیە دەبێ هەوڵ بدەن بە ئیرادەیەکی گشتگیر و یەکگرتووانە، کار بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێك و گۆڕینی ساختار و یاسا بنەڕەتییەکانی ئەو وڵاتە بدەن و دەرفەتی گونجاو بۆ بەشداریکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی وڵات لە بڕیار و بەڕێوەبڕدنی وڵاتدا دروست بکەن و پێداگری لە سەر ویست و مافە سیاسییەکانیان بکەن. هەروەها بە پاراستن و بەهێزکردنی ئاشتەوایەتی و پێکەوە ژیانی سەرجەم پێکهاتەکانی پارێزگای ورمێ، پیلانە دژەمرۆوییەکانی ڕێژیم بکەن بە خەونی وەدینەهاتووی ڕێژیم.

---

درێژەی لاپەڕە ٨

**لە ماڵپەڕە فەرمییەکەیاندا بوونی هەیە، بە ڕاشکاوانە باس لەوە دەکەن نە حیزبی دێموکراتی کوردستان "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕی" ئەو کاتە و نە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ئەو کاتە. مەبەستیان لەم جۆرە ئاخاوتن و لێدوانە و وەڵامی ئێوە لەم پێوەندییەدا چیە؟**

**و:** ئەوان چۆن ڕەوشی خۆیان و ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ هەڵدەسەنگێنن خوێندنەوەی خۆیانە. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەگەر هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ڕەخنەیان لە میکانیزمی گرتنی کۆنگرەی ٨ بوو کە پێچەوانەی ئیرادەی کۆنگرەی ٨ بوو. خۆ ئەم هاوڕێیانە دوایی کۆنگرەی ١٣، جیابوونەوە ئەوەیشیان نیە. لە ڕاستیدا هیچ بیانوویەکیان بۆ ئەو جیابوونەوەیە نەبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر ئەو حیزبەیە کە هەیە و پێشتریش هەبووە و ئەڵبەت ئێستا بە جێگە و پێگەیەکی سیاسی و نەتەوەیی بەرچاوتر. ئەزموون و ئاکامی جیابوونەوەکانیش بۆ هەموان ڕوون و ئاشکرایە و پێویستی بە تەفسیر کردن نیە.

**پ٦: هەندێك لەسەر ئەو بڕوایەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبووا گۆڕانکاریی بەسەر ئەو گەڵاڵەیەدا بهێنابایەت کە پاش کونگرەی ١٠ بۆ هاتنەوەی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" ئامادەی کردووە و ئەم گەڵاڵەی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی ئەم سەردەمە نییە. مەبەستی حیزبی دێموکرات لە خستنە ڕووی ئەم گەڵاڵەیە چیە؟ ئایا حیزب دیهەوێ بە هەمان شێوەی ساڵی ١٣٧٥ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بجووڵێتەوە؟ یان ئەوەیکە بنەما تەشکیلاتییەکانی ئەم گەڵاڵەیە ئامانجی حیزبی دێموکراتە؟**

**و:** ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە باسمان کردووە، ئەوان ئەو گەڵاڵە پێشنیارەی ئێمە تاوتوێ بکەن و بە لەبەرچاو گرتنی لایەنەکانی، لە خوێندنەوەی خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە و لەسەر شتە هاوبەشەکانی قسە دەکەین.

**پ٧: دەکرێت بە کورتی باسێك بکەن لە گەڵاڵەی پێشنیاریی ئەوان و بڵێن چ شتێکی نوێ لەو گەڵاڵەیەدا هەیە کە ئەوان بەو شێوەیە هەڵوێست دەگرن و پەرچەکردار لە خۆیان دەنوێنن؟**

**و:** لە نووسراوەکەی ئەواندا باسی ئەوە ناکرێ ئەوان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیابوونەتەوە. باسی ٢ حیزبی دێموکرات دەکەن. ڕەوایی بە جیابوونەوەیان ئەدەن. باسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو دەکەن و کۆمەڵێك شتی دیکە کە لە ڕاستیدا ئامانجیان یەکگرتنەوە بە مانای یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیە کە کۆنگرەی ١٥ی ئێمە جەختی لەسەر کردەوە.

**پ٨: چ پێکناکۆکیەك هەیە لە نێوان ئەم دوو گەڵاڵەیەدا؟**

**و:** گەڵاڵەی پێشنیاریی ئێمە، بنەمای سیاسی و تەشکیلاتی دەستەبەرکردنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. گەڵاڵەی ئەوان، باس لە حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو دەکا، ڕوون نیە شوناسی ئەو حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو چیە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و هەڵگری چ گوتارێکە؟ ئەمە لەگەڵ ڕەساڵەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەك ناگرێتەوە.

**پ٩: کەموکووڕیی گەڵاڵەکەی ئەوان لە ڕوانگەی ئێوەوە چییە و پێتان وایە دەکرێ بە وتووێژی زیاتر ڕوانگەکانتان لێك نزیك بکەنەوە بۆ گەیشتن بە گەڵاڵەیەکی هاوبەش؟**

**و:** کەموکووڕییەکانی گەڵاڵەی پێشنیاریی ئەوانم باس کرد. بوونی ئەم کەموکووڕییانە بەو مانایە نیە ئێمە کۆتایی بە دیالۆگمان بێنین، سیاسەتی ئێمە لە ڕۆشنایی بڕیاری کۆنگرەمان، بەردەوام بوونمان لە دیالۆگ و هاوکارییە لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە سیاسییەکانمان و هیوادارم تێکۆشەرانی دێموکرات ئەم ڕەوتە بە چەشنێك درێژە پێ بدەن کە یەکگرتنەوەی بەدواوە بێ و لە خزمەتی ئامانجی گەلی کورد و یەکڕیزیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بێت و لەم پرۆسەیەشدا براوە و دۆڕاو نیە. لە ڕوانگەی ئێمەوە تەنیا براوەی ئەم پرۆسەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئەویش لە خزمەت بەرژەوندییەکانی گەلی کورددایە.

**زۆر سپاس بۆ ئەوەیکە بەشداری ئەم وتوویژە بوون لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستاندا**

سپاس بۆ ئێوەش و پێکهێنانی ئەم وتوویژە. هیوادارم لە کارەکانتاندا سەرکەوتوو بن و جارێکی دیکە سپاس بۆ ڕۆژنامەی کوردستان

---

## جووت حەوت

### هەوراز

- ئەحمەد عەلەمەل هودا، پێشنوێژی هەینیی مەشهەد، گوتوویە:" هەر کەسێك لەگەڵا بریتانیاییەکان دەستی دۆستایەتیی داوە، "شغال السلگنە" و "گرگ الدولە" بووە.

- شایانی باسە، یەکەم جار ئینگلیزییەکان بوون کە "گرگ الدولە"یان لە مانگدا دیتەوە، بانکەکانی لەندەن بە دۆلارە نەوتییەکانی حوجەتولئیسلام شوغال و ئایەتوڵڵا گورگ و ئاغازادەکانییان هەڵدەسوورێن و لە بەیتی ئاغاوە بگرە تا مینبەری گوڵاغا، هەموویان پاسپۆرتی ئینگلیزیان لە گیرفاندایە، یان لە ئاواتی گرتنیدا سەر دەنێنەوە. کەواتە عەلەم گیان! ئاگاداری کلکی کەڵەشێرەکەت بە!!

- حاجی عیزەت زەرغامی، سەرۆکی سەداوسیمای ڕێژیم گوتوویە:"ساڵی ٨٨ کاناڵە ماهوارەییەکان خەڵکیان فێری دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم ئەکرد".

جەناب! ئەو خەڵکەی تۆ باسیان دەکەی، زۆر پێشتر لە ٨٨، لە ئاشپەزخانەکانیاندا بە کەوچك و چنگاڵ ئۆرانیۆمیان دەپیتاند، پیلانی ماهوارەکانیش نەبوو، پڕۆژەی سەرکۆمار بوو. ئەو کاتە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم لووتکەی ئاواتەکانتان بوو، وەك ئێستا نەبوو کە لە کونەمشك بگەڕێن بۆ شاردنەوەی خۆتان لە ژێر ناوی نەرمشی قارەمانانەدا.

- سەعید حەدادیان، مەداحی بەناوبانگ، سەبارەت بە تەقەکردنی حاج مەحموود کەریمی، هاوکاری خۆی، لە ژن و مێردێکی هەژار، گوتوویە:" تا ئێستا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ئەگەر زمانم لاڵا، لەم شەڕەدا حاج مەحموود بەڵایەکی بەسەر هاتبا، ئێستا بارودۆخی ئێرانی ئیسلامی چۆن بوو؟".

خوا ڕەحمی کرد، تەقەکەرەکە خودی حاج مەحموودی هەژار بووە، دەنا ئەو ژن و مێردە لە چرکەیەکدا دەبوونە ئیدوارد ئیسنۆدن و لە تەلەڤیزیۆنەکەی حاجی عێزەتدا وایان لێ دەکردن دان بەوەدا بنێن کە لە سەردەمی لە دایکبوونی جەننەتییەوە هەرچی تاوان دژ بە ئینقلاب کراوە، لە بن سەری ئەواندا بووە.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر حاج مەحموود شتێکی بەسەر هاتبا، ئێستا نانی ئەم حاج سەعیدە و هاوکارەکانی دیکەی لە گۆزەی هەنگوین و ڕۆندا بوو، ئای مەراسیمیان بۆ دەگرت، ئای شاباشیان وەردەگرت! حەیف!

- مەلا حەسەن رووحانی لە ئەهواز گوتی:"ڕێککەوتننامەی ژنێڤ بە واتای تەسلیمبوونی زلهێزەکان لە بەرامبەر ئێراندایە." ئەمە لە کوێ؟ خۆ ناهەقیشی نیە وا بڵێ، ئەوە نیە زلهێزەکان ناچار بوون کاسە و کەوچکە ئەتۆمییەکەی فۆردۆ و ئەراك و نەتەنز کۆ بکەنەوە و هەڕاجی بکەن بە نرخی شووتی؟

مەلا گیان! زلهیزەکان ئەگەر بڕیار بە تەسلیمبوونیان ببایە، تەسلیمی ئاغا مەحموود دەبوون، نەك تەسلیمی جەنابت کە بە نەرمشی قارەمانانە گۆش کراوی و چەکمەت بۆ مۆرکردنی گرێبەستی تورکەمەنچایی ئەتۆمی هەڵکێشاوە.

# ڕوانینی یاسا نێونەتەوەییەکان بۆ پرسی کەمینەکان

و: ئیبراهیم بەرزگەر

## بەشی دووهەم و کۆتایی

بەشی چوارم: بنچینەو بنەماکانی پرسی کەمینەکان لە یاسای نێونەتەوەییدا

بنچینە و بنەماکانی پرسی کەمینەکان لە یاسای نێونەتەوەییدا، بنەماگەلێك لەخۆدەگرێ کە راشکاوانە پێوەندییان بە پرسی کەمینەکانەوە هەیە و پشتیوانیی تایبەتییان لێ‌دەکەن. ئەم بنەمایانە جەخت دەکەنەوە کە هەموو خەڵك، بۆ وێنە ئەندامانی کەمینە ئێتنیکی و گرووپە ئایینییەکان، مافی بنەڕەتی یەکسانیان لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکەی کۆمەڵگادا هەیە و دەبێ بتوانن بەبێ هەڵاواردن، لەم مافانە بەهرەمەند بن. بەشێك لە مافە تاکەکسییەکان، بۆ کەمینە ئێتنیکی و ئایینییەکان گرینگییەکی تایبەتییان هەیە. بۆ وێنە، مافی کۆبوونەوەی ئازادانە، ڕێکخراوبوون، ئازادیی ئایین، ئازادیی ڕادەربڕین و بنەما ئاماژە پێکراوەکانی دیکە لە ڕێساکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

هەرچەندە لە ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا، وشەی کەمینەکان نەهاتووە، بەڵام لە ڕاستای بەڕێوەبردنی بەندی ٣ و ٤ی مادەی یەکەم و مادەکانی ٥٥ و ٦٦ی ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ سەرجەم تاکەکان بەبێ هەڵاواردن لەمەڕ ڕەچەڵەك، ڕەگەز، زمان یان ئایین ڕادەگەیەنێ، کۆمەڵێك دەق و بەڵگەنامەی پەسند کراوە کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەیان پێ‌دەکرێ.

١. کۆنوانسیونی نەهێشتن و سزادانی کوشتاری بەکۆمەڵ (ژینۆساید ـ ٩ی دێسامبری ١٩٤٨) لە یەکەمین پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ دوای شەڕی جیهانیی یەکەم بوو کە بە گوێرەی ئەم کۆنوانسیونە وەچەکوژی بە مانای هەرکام لە کارەکانی خوارەوە کە بە مەبەستی لەنێوبردنی نەتەوەیەك، گرووپێکی ئێتنیکی، نیژادی یان ئایینی ئەنجام بدرێ، مەحکوم کرابوو.

الف) کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە

ب) پێکهێنانی خەساری جیددیی جەستەیی یان دەروونی

ج) گرووپەکە تووشی هەلومەرجێك بکرێ کە لەنێوبردنی جەستەیی هەموویان یان بەشێکیانی لێ‌بکەوێتەوە.

د) سەپاندنی هەلومەرجێك بە مەبەستی پێشگرتن لە زاوزێ لەناو گرووپەکەدا

ە) ڕاگواستنی زۆرەملێی منداڵانی گرووپەکە بۆ نێو گرووپێکی دیکە

مافی پارێزگاری لە بەرانبەر وەچەکوژی، مافی گرووپەکانە. خاوەنی ئەم مافە، گرووپەکانن و ئەم مافە بۆ گرووپەکان پشتیوانیگەلێك پێك دێنێ. ئەم مافە بەشێوەی گشتی نێگەتیڤە، بەم مانایە کە دەوڵەتان و دامەزراوەکانی دیکە پابەند دەکا کە لە قەڵاچۆکردنی گرووپەکان خۆببوێرن، هەروەها ئەم مافە پێویستی بەوە هەیە کە بۆ ئەم مەبەستە، ئامرازە یاساییەکان و پشتیوانییەکانی دیکەش دابین بکرێ.

٢. جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پەسندکراوی ١٠ی دێسامبری ١٩٤٨ کە لە مادەی ٢ی ئەم جاڕنامەیەدا هاتووە: "هەموو کەسێك دەتوانێ بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێك بەتایبەت لە ڕووی ڕەچەڵەك، ڕەنگی پێست، ڕەگەز، زمان، ئایین، باوەڕی سیاسی و هەر بیروڕایەکی دیکە، لە تەواوی ماف و ئازادییەکانی ئاماژەپێکراو لەم جاڕنامەیەدا بەهرەمەند بێ."

٣. لە مادەی یەکەمی ڕاگەیەندراوی نێونەتەوەیی هەڵاواردنی نیژادی پەسندکراوی ١٩٦٣دا هاتووە کە هەموو تاکەکان بۆ وێنە کەمینەکان لە بەردەم یاسادا بەرابەر و یەکسانن.

٤. هەر دوو پەیماننامەی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پەیماننامەی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان پەسندکراوی ١٩٦٦، لەسەر یەکسانیی ماف و نەبوونی هەڵاواردن بۆ هەموو مرۆڤەکان پێداگری دەکەن. بۆ وێنە مادەی ٧ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان باس لەوە دەکا کە: "مافی تاکەکانی سەر بە کەمینە ئێتنیکی، ئایینی یان زمانییەکان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گرووپەکەی خۆی، لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ڕێوشوێنە ئایینییەکان و بەجێهێنانیان یان کەڵکوەرگرتن لە زمانی خۆیان، نابێ لەبەرچاو نەگیرێ...".

هەروەها لە مادەی ٢ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا، دەوڵەتەکان وەئەستۆیان گرتووە کە مافە دیاریکراوەکانی ئەم پەیماننامەیە لەمەڕ تاکەکانی دانیشتووی چوارچێوەی دەسەڵاتەکەیان، بەبێ هەڵاواردن ڕێزی لێ‌بگرن و دەستەبەری بکەن. هەروەها لە مادەی ٢٦ی هەمان پەیماننامەدا هاتووە کە "سەرجەم تاکەکان لە بەردەم یاسادا یەکسانن و بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێك مافی پشتیوانیی یەکسان و بێ ئەم لاو ئەو لای یاساییان هەیە. لەم ڕووەوە یاسا دەبێ هەر چەشنە هەڵاواردنێك قەدەغە بکاو بۆ سەرجەم تاکەکان پشتیوانی کاریگەر و یەکسان دژی هەر جۆرە هەڵاواردنێك بەتایبەت لە ڕووی ڕەچەڵەك، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی یان هەر دۆخێکی دیکە دابین بکا." هەروەها مادەی ٢٧یش ڕادەگەیەنێ: "لەو وڵاتانەی کە کەمینە نیژادی، زمانی و ئایینییەکان دەژین، کەسانی سەر بەم کەمینانە ناتوانرێ لەم مافە بێ‌بەش بکرێن کە پێکەوە لەگەڵ تاکەکانی دیکەی گرووپەکەیان لە کولتوری خۆیان بەهرەمەند بن یان پەیڕەوی لە ئایینی خۆیان بکەن یان بە زمانی خۆیان بدوێن."

٥. ڕێسا و بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی دیکە کە بە شێوەی تایبەت و دیاریکراو بە مافی کەمینەکان هێمایان بۆ کراوە:

الف) لە مادەی ٢ی کۆنوانسیونی مافەکانی منداڵدا بە شێوە و شێوازی مافی کەمینەکان هێما کراوە.

ب) کۆنوانسیونی سڕینەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی نیژادی پەسندکراوی ١٩٦٥ کۆڕی گشتی و کۆنوانسیونی قەدەغەکردن و سزادانی ژینۆساید ١٩٤٨.

ج) کۆنوانسیونی دژی هەڵاواردن لە فێرکردن و بارهێنان (١٩٦٧ی یونسکۆ).

د) بەڵێننامەی ژمارە ١١١ لەمەڕ هەڵاواردن لە دامەزراندن و کار و پیشە، پەسندکراوی ١٩٥٨ی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار.

ە) ڕاگەیەندراوی سڕینەوەی هەر چەشنە نایەکسانی و هەڵاواردنێك لەسەر بنەمای مەزهەب، پەسندکراوی ١٩٨١ی کۆڕی گشتی.

هەنووکە کۆمیسیونی لاوەکی پێشگرتن لە هەڵاواردن و پشتیوانی لە کەمینەکان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بوونی هەیە کە لە ساڵی ١٩٤٧ پێکهاتووە و لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی لە ژنێڤ، پرسی مافی کەمینەکان تاووتوێ دەکا.

بەشی پێنجەم: یەکسانیی مافی کەمینە لەگەڵ زۆرینە لە ڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە

١. لە پێشەکی و مادەکانی ١٣ و ٥٥ و ٧٦ی ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و مادەی ٢ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا بە ڕاشکاوی هاتووە کە هەموو مرۆڤەکان مافی وەك یەك و یەکسانیان هەیە و هەروەها بە بەهرەمەندبوونی سەرجەم مرۆڤەکان لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بەبێ هەڵاواردن لە ڕووی ڕەچەڵەك، زمان، ڕەگەز و ئایین، هێما کراوە.

٢. لە پێشەکیی ڕاگەیەندراوی ١٨ی دێسامبری ١٩٩٢ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هێما بۆ یەکسانیی مافی ژنان و پیاوان و نەتەوەکان کراوە. لە دەقی ئەم ڕاگەیەندراوەدا یەکسانیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایەك و نەبوونی هەڵاواردن لە نێوانیان لەبەردەم یاسادا گرەنتی کراوە.

بەگوێرەی بەندی یەکەمی مادەی ٤ی ئەم ڕاگەیەندراوە، دەوڵەتان ئەرکدارن ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر تاکو تاکەکانی سەربە کەمینەکان بتوانن بە تەواوی و بەڕاستی لە سەرجەم ئیمتیاز و جیاوکەکانی نووسراو لە پێوەر و ڕێساکانی مافی مرۆڤ و هەروەها هەموو ئازادییە بنەڕەتییەکان بەهرەمەند بن و لە کۆتایی ئەم مادەیەدا لەسەر ئەوە جەخت کراوەتەوە کە بەڕێوەبردنی ئەم ماف و ئازادییانە دەبێ بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێك و لە هەلومەرجێکی بە تەواوی یەکسان سەبارەت بە هەموو هاووڵاتیان و کەمینەکاندا، ئەنجام بدرێ.

٣. ئازادیی بیروڕا و ئایینی کەمینەکان

ئازادی بریتییە لە مافی هەڵبژاردنی تیۆری و کردەیی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا، تا ئەو کاتەی کە زەوتکردنی مافی خەڵکانی دیکە و تێکدانی تەکووز و ئەخلاقی گشتی لێ نەکەوێتەوە.

بیروڕا: کۆی ڕوانگە، بۆچوون، باوەڕو تێگەیشتنەکانی هەر تاکێك لە کۆمەڵگا، مێژوو، مرۆڤ، ئایین، کولتور و هتد، یان بە واتایەکی دیکە هەر بیروڕایەك کە لە ڕوانگەی خاوەنەکەی ڕاست و دروست و بەکەڵك و چاکتر بێ، لە هەمان کاتدا لە ڕوانگەی خەڵکانی دیکە لەوانەیە ئەم بیروڕایە ناهەق، درۆیین و بەزیان بێ.

ئایین: جۆرێك بیروڕا و کۆمەڵێك لە بۆچوونگەلی تیۆری لەمەڕ مرۆڤ، جیهان، ڕەوشتە ئەخلاقییەکان و بڕیارە کردەییەکانە کە کەسی دیندار لەسەر بنەمای ئەو بە ئیمان و بەجێهێنانی ئەم ڕێنماییانەی کە لەلایەن پێغەمبەرەوە دراوەتە دەست خەڵك، بە بەختەوەریی هەتاهەتایی دەگا.

ئازادیی بیروڕا: مافی هەڵبژاردن و پابەندبوونی مرۆڤ بە هەر بیروڕایەکە، هەروەها مافی بیرکردنەوە، بڕواپێبوون، دەربڕین، فێرکردن و بڕەودان و ڕەفتار بە گوێرەی بیروڕایە تا ئەو کاتەی کە کرداری مرۆڤ زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵك و تێکدانی تەکووز و ئەخلاقی گشتیی کۆمەڵگای لێ نەکەوێتەوە.

ئازادیی ئایین: مافی هەڵبژاردن و باوەڕی مرۆڤ بە هەر مەزهەب و ئایینێکە، هەروەها بریتییە لە مافی باوەڕمەندبوون، دەربڕینی باوەڕە ئایینییەکان، ئەنجامدانی ڕێوشوێنە مەزهەبییەکان، فیرکردنی کاروباری ئایینی بە منداڵان و ئیمانداران، بانگهێشت و پڕوپاگەندە و برەودانی ڕێنماییە ئایینییەکان لە کۆمەڵگادا، دامەزراندنی پەرستگە، وازهێنان و چوونەدەر لە ئایین (هەڵگەڕانەوە)، وازهێنان لە کردەوە مەزهەبییەکان و ڕەخنە لە ڕێوشوێنە ئایینییەکانە، تا ئەو کاتەی کە ڕەفتاری ئایینی مرۆڤ زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵك و تێکدانی تەکووز و ئەخلاقی گشتیی لێ نەکەوێتەوە. ئازادیی ئایین کاتێك دەستەبەر دەبێ کە ئایین و مەزهەبی تاکەکەس بە تاوان ئەژمار نەکرێ و زەوتکردنی مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی لێ نەکەوێتەوە.

گرینگترین بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی بیروڕا و ئایین بریتییە لە: مادەکانی ٢، ١٨، ١٩و ٢٦ (بەندەکانی ٢ و ٣)و ٢٩ (بەندی ٢) ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها مادەکانی ٢ (بەندی ١)، ١٨، ١٩، ٢٠ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

بە سەرنجدان بە نێوەڕۆکی ئەم ماددانە دەردەکەوێ کە ئەندامانی گرووپە کەمینەکان لە زنجیرەیەك مافی مەدەنی و سیاسیی بەهرەمەندن کە بریتین لە مافی ئازادی بیروڕا، مافی ئازادی ڕادەربڕین، مافی ئازادی لە بەجێهێنانی ڕێوشوێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، مافی بەهرەمەندبوون لە هەلومەرجی دادپەروەرانە بۆ پڕوپاگەندەی ئایینی.

هەروەها بەگوێرەی بنەماکانی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پەیماننامەی مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، مافی کارکردن لە پیشە ئیدارییەکان، مافی هەڵبژاردنی پیشە، مافی بەهرەمەندبوون لە هەلومەرجی دادپەروەرانە بۆ دانان لە پۆستە سیاسییەکان، مافی پەروەردە و فێرکردنی گشتی بەتەواوی و بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێك هەروەك ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا، لەبەرچاو گیراوە.

هەروەها بەپێی بەندی ٥ی مادەی ٢ ڕاگەیەنراوی سەرەوە، کەمینەکان "مافی ئەوەیان هەیە پێوەندیی ئازادانە و ئاشتیخوازانەیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گرووپەکەی خۆیان یان کەسانی سەر بە کەمینەکانی دیکە هەبێ و هەروەها بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێك، لەگەڵ هاووڵاتیی دەوڵەتانی دیکە کە لەگەڵیاندا لە ڕووی ڕیشە و ڕەچەڵەکی نەتەوەیی و ئێتنیکی یان لە ڕووی بەستراوەیی ئایینی و زمانییەوە پێکەوە بەستراونەتەوە، پێوەندییان هەبێ."

بەشی شەشەم: تووندوتیژی بەرانبەر بە کەمینەکان

زۆرجار گرووپەکانی کەمینە لەبەردەم تووندوتیژیدان و نۆرمەکانی مافی مرۆڤ داوا لە دەوڵەتان دەکەن کە ئەمجۆرە تووندوتیژییانە ڕابگرن و دژی ئەوان ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانن و ڕاگەیەنراوی ئەم ڕێکخراوەیان قەبوڵ کردووە، هەموویان لەسەر بەڕێوەبردنی ئەم ڕێسایانە بەجۆرێك پابەندن. لە بەندی سێهەمی مادەی یەکەمی ڕاگەیەندراوەکەدا، هاندانی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بە یەکێك لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەناسرێ. هەروەها ماددەی ٥٦ی ڕاگەیەندراوەکە، سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان پابەند دەکا کە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەم ئامانجانە هاوکاری بکەن.

لە ڕەهەندی مەزهەبیشەوە ئەگەر بنەمای بڕیارسازی و بڕیاردانی سیستمێکی سیاسی ـ نەتەوەیی، ئایین بێ، دەبێ ڕێگە بە کەمینەکانی ئەم وڵاتەش بدرێ و ڕێز لە بنەما مەزهەبییەکانیان بگیرێ و لەکاتی پێویستدا بۆ بڕیاردانەکان، کەڵکیان لێ وەربگرن.

بەشی حەوتەم: داکۆکی لە کەمینەکان لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە

الف) ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و کەمینەکان:

* کۆمیسیونی مافی مرۆڤ
* کۆمیسارییای بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان
* ئەنجومەنی ئاسایش
* کومیتەی نەهێشتنی هەڵاواردنی نژادی
* کومیتەی مافی مرۆڤ
* کۆنوانسیونی ئورووپایی مافی مرۆڤ
* کومیتەی خەبات لەگەڵ هەڵاواردن دژی ژنان
* کومیتەی دژی ئەشکەنجە
* لێبوردنی نێونەتەوەیی
* چاوەدێری مافی مرۆڤ

ب) شێوازی ئاکاری ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان

ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بە دانانی ڕێساو یاسا "تەکمیلیو تەکلیفی"یەکان، بەرپرسایەتی چاوەدێریی ڕەچاوکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتیی و ڕەواکانی کەمینەکانیان لەئەستۆدایە. دوای شەڕی جیهانیی یەکەم و پێش پێکهاتنی کۆمەڵەی گەلان سیستمێکی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە مافی کەمینەکان پێکهات و لەو پەیماننامانەی کە لەنێوان دەوڵەتان دەبەسترا، هاتبوو کە دەوڵەتان لەمەڕ کەمینەکان هیچ چەشنە هەڵاواردنێك ئەنجام نەدەن و مافی بەکارهێنانی زمان و ئایینی خۆیانیان پێ بدەن.

کومیتەیەکی سێ‌کەسی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە زامنی بەڕێوەبردنی ئەم بەڵێنانە بووە کە بۆ تاووتوێ‌کردنی بانگەشەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافی کەمینەکان یەك لەدوای یەك پێك هات. پاش پێکهاتنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵگەنامە بەڵێنهێنەرە نێونەتەوەییەکان بەشێوەی گشتی و تایبەتیی پرسی ڕەچاوکردنی مافی کەمینەکانی لەبەرچاو گرتووە.

بەداخەوە یاسا و سیاسەت کە لە زۆربەی گوتارەکاندا بەشێوەی دوو چەمکی جمك دەردەکەون، هۆکاری کەڵکوەرگرتنی سیاسی لە مافی مرۆڤی پێکهێناوە. تەنانەت لە یەکەمین هەوڵەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کە بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان ئەنجام درابوو، تەماحی زێدەخوازانە و دەست تێوەردەرانە لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتانی دیکە بە بیانووی پاراستنی ئەو مافانە، ئەنجام دەدرا.

کۆتایی

ئەم ڕاستییە نابێ لەبەرچاو نەگیرێ کە ڕەچاوکردنی مافی کەمینەکان ڕێژەیی بووە و بەپێی سیستمە حکومەتییەکان و جۆری ڕوانگەی ئەوان جیاوازیی هەیە و ڕۆژانە لە کەلێن و قوژبنی جیهاندا، هەڵاواردن و پەلاماردان و ڕەچاونەکردنی دادپەوەری لەنێوان زۆرینە و کەمینەدا دەبینرێ کە ئەوەش لە تایبەتمەندییەکانی حکومەت و دەسەڵاتە کە ناتوانێ ئەوە ببینێ کەمینە لە ماف و ئازادییە بنەڕەتیی و ڕەواکانی بەهرەمەند بێ. هیوادارین کۆمەڵگای جیهانی ڕۆژێك بە ڕادەیەك لە گەشە و ئاوەزمەندیی بگا کە هەموو تاکەکانی مرۆڤ بەبێ لەبەرچاوگرتنی بە ڕەچەڵەك و بنەچە، نیژاد و زمان، ئایین و نەتەوە و هاووڵاتی بوون، لە تەنیشت دادپەروەری و ویژدانی وشیاری مرۆڤایەتیدا لە سێبەری ئاشتی و ئاسایش لەگەڵ یەکتردا بژین و جیهانێکی بەدوور لە هەر چەشنە هەڵاواردن و نایەکسانیمان هەبێ.

# ئیسلامخوازەکان دوای مەشرووتە، لە ئێراندا

ن: پەرویز جەبباری
و: حاجی ئاوە



**بەشی دووهەم**

ئەم هێزگرتنەی بەرە بوو بە هۆی ئەوە، جۆرێك یەکگرتوویی بۆ بەدواداچوونی داواکاری و خواستەکانی مەشرووتییەت ئەنجام بدرێت. بەم واتایە کە ئیرادەیەکی نەتەوەیی و گشتی بە هەموو بەربەست و گرفتەکانەوە بۆ بە ئاکام گەیاندنی بزووتنەوەی مەزنی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران ئەنجام بدرێت. لەم شەڕە مێژوویییە لە چوارچێوەی پێکهێنانی حیزبەکان، دامەزراندنی قوتابخانەکان، فێرکارییە ئەمرۆیییەکان، پێکهێنانی مەجلیس، هەڵبژاردنەکان، نووسینی یاسای نوێ بۆ بەرنامە کۆمەڵایەتی، سیاسییەکان، پێشکەوتنی کۆمەڵگا، وڵات و هەروەها بەهێزبوونی یەکگرتوویی سیاسی لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی پارێزگا و هەرێمەکان کە جۆرێك بەرەنگاری لە بەرانبەر بەستراوەیی وڵات بە دەسەڵاتە دەرەکییەکان و ناکۆجێیی بوو کە بەشداریی بەربڵاوی خەڵکی ناوچەکانی ئێران لە چوارچێوەی گرووپە سێنفییەکان و سیاسیی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. ئەمە هەر ئەو خاڵە بەهێز و هەرمانەی مەشرووتە لە بەرانبەر سەرەڕۆییدا بوو. خاڵێك کە دواتر لەلایەن سەرەڕۆیی ئێرانی نوێ، لە ڕۆح و گیانی ڕەزاشا و بازنەی ڕووناکبیرانی هزرچەوتی دەروبەری ئەوان، ناسێندراو و هەوڵی لە نێوبردنی درا. ئەم دەسەڵاتە ناوەندخوازە بە هەموو هەوڵیەوە بە کوتانی مەشرووتە لە ئێراندا، لە سەرەتادا هەوڵیدا ئەو توخمە یەکگرتوویییە و بیرۆکە دێموکراتیکە بۆ دروستکردنەوەی ئێران کە "بەشداریی نەتەوەکان بۆ مەشرووتییەت و ئازادی لەگەڵ یەکتر و بۆ یەکتر بوو" لە نێو بەرێ.

یەکگرتوویی، هاوبیری، بوونی بەرنامەی هاوبەش لە سەر بنەمای گوتمانێکی سیکۆلار و دێموکراتیك بۆ ئازادی، دادپەروەری و پێشڤەچوون لە ئێرانی سەردەمی مەشرووتە بە ئاسانی توانیی بە پشتیوانیی خەڵك، شێخێك و بیری سەرەڕۆ و بەجۆرێك هاوپەیمانی سەرەڕۆیی بەرەو سێدارە ببات. لەم نووسینەدا هێما بۆ هۆکارگەلێك کە بوون بە هۆی لاوازبوونی بنەما هزری و تەشکیلاتییەکانی هێزی سیاسی بڕوادار بە مەشرووتییەت بکەین. بێگومان ئەم هۆکارانە لە زۆرێك لە خاڵەکاندا کردەوە و ڕۆڵی یەکتریان پشتیوانی کردووە.

١ـ دەسەڵاتی ناوەندخواز و دژە دێموکراتیك

لێکدانەوەی ناوەندخواز، دژە دێموکراتیك، ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی شوناسەکانی دیکە لە مەشرووتە لەلایەن نوێخوازەکانەوە بوو بە هۆی خۆشبوونی بوارێك بۆ دەرکەوتنی دیکتاتۆری و ڕێژیمی دەسەڵاتخوازی ڕەزاشا. سیستمێك کە بە بەدواداچوونی بەرنامە دەسەڵاتخوازنەکان و یەکلایەنە لە هەموو بوارەکاندا، نوێخوازی بڕیاردەرانە و نەتەوەسازی پێچەوانەی کردە ئەولەوییەتی خۆی و لە سەرەوەی بەدیهاتنی مودێرنیتە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دانا. ئەم پرۆسە حکوومەتی و سەرکوتکەرانەیە بووە هۆی گۆشەگیری و کەوتنە پەراوێزی هێزە دێموکراتیك ، ئازادیخواز، سیکۆلار و پێشەنگەکانەوە. سیستمێك کە بوو بە هۆی سڕبوون و خاڵی بوونی مەشرووتییەت لە بنەماکان، بیر و چیەتیەتی.

دەرکەوتن و بەشداریی سەرلەنوێی سەرەڕۆیی ئێرانی، ئەمجارە لە بیچمی ڕەزاشا و لە دوای ساڵەکانی دوای مەشرووتییەت، خۆی بوار و ڕێگەیەکی مەزنتری بۆ بەلاڕێداچوونی مەشرووتییەت و گەڕانەوەی سەرەڕۆیی دینی و ئایینی بۆ گۆڕەپانی چالاکی سیاسیی لێکەوتەوە. هەرچەند کە بەرەنگاریی سوننەت خوازەکان، پارێزکارەکان، سەرەڕۆ فیکریی و هزری لە تەنیشت بیرۆکەی دواکەوتوویی ڕووحانیەت و ئایینخوازەکان خۆی لە کردەوەدا بەستێنێکی گونجاو بۆ بەهێزبوون و پشتیوانی شاراوە لە ڕەزاخان بوو. ئەم شێوە بەجێ ماوانەی ئیسلامی شەریعەتخواز، لە بەرامبەر بەرنامەکان و ئامانجەکانی مەشرووتەدا، خۆی بوو بە هۆی هاتنە سەرکاری تەکوزی ڕەزاشایی و پەنابردنی بەشێك لە مەشرووتەخوازان بە بەرنامە نوێخوازانەکان لە چوارچێوەی تەناهی، یەکسانکردنی نەتەوە ـ زمانی و هەروەها بەرنامە بەرزەفڕەکان بوو کە لە هەندێك حاڵەتدا پشتیوانیی ڕووحانییەت لە سیاسەت و بەرنامەکانی ئەو بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی پاشایەتیی پەهلەوی لە بەرامبەر دروشم و بەرنامەی کۆماریخوازیی ڕەزاشایی بوو.

ئاڵۆزیی هەڵومەرجی نێوخۆیی، بێ هیوایی سیاسی، نەبوونی تەناهی، دەرئەنجامی سیاسەتە وێرانکەرەکانی قاجارییە لە ئێران( لە هەموو بوارەکاندا) کە وەکوو میرات گەیشتە دەوڵەتە مەشرووتەکان، نەبوونی ئەزموونی مێژوویی لە سیاسەت، بەشداریکردن لە چالاکییەکان و بڕیاردانەکاندا، هەموویان پێکەوە، هۆکارگەلێك بوون کە بەستێنی هاتنە سەرکاری تەکووزی ڕەزاشایی و لە پەراوێزخستنی بۆچوونەکان و بیرۆکە مەشرووتییەتەکانی لە ئێراندا هێنایە گۆڕێ. بەشێك لە هێزە سەرەکییەکان، لە چوارچێوەی "اجتماعیون عامیون"دا کە حیزبێکی گەورە دوای مەشرووتە بوون، بەریانی نەتەوەخوازی، ئاوەزگەرایی، سیکۆلاریزمیان هەبوو و جەختی زۆربەیان لە سەر پێشکەوتن و نویخوازی بوو. زۆریەك لەمانە لەم ڕێگەیە و بۆ بەدیهێنانی ئەم کارە، پشتیوانیی هەمەلایەنەیان لە ڕەزاشا کرد. هەرچەند کە بەدواداچوونی ئەم بەرنامانە لە تەنیشت شێوازەکان و سیاسەتەکانی ڕەزاشا، بەریان بەرەو ناوەندگەریەتی و ناسیونالیزمی تاکڕەهەندی. بیرۆکە و خواستی مودێرنیتە نەیتوانی لە دەرووندا گەشە بکا و قوناغەکانی گەشەکردنی خۆی ببڕێ. ئەمە هەر ئەو دەسپێکی بەلاڕێدا چوون و لادان لە مودێرنیتەیەك بوو کە مەشرووتە لە هەوڵیدا بوو. هەر ئەم سیاسەتی سەرەڕۆیانەی ڕەزاشا لە چوارچێوەی بەرنامەکانی نوێخوازی لە سەرەوە و بە شێوازی بڕیاردەرانە و لە دەرەوەی بەشداریی خەڵك و هێزە سیاسییەکانی پەیڕەوی مەشرووتە، خۆی بوار و بەستێنی سەرەکی بۆ بەلاڕێداچوونی بیرۆکەی ئازادی و دادپەروەریی ڕەخساند. بەلاڕێداچوون و سیاسەتی جیاوازیخوڵقێن لەگەڵ مەشرووتە، بە ڕوانگەیەکی سەرەڕۆیانە، تەنیا لە سەر بنەمای ڕواڵەتێك لە نوێخوازی لە سەرەوە و بە پشتیوانی بەشێك لە هێزە سیاسییەکان، ڕووناکبیران، ڕووحانییەت، و سوننەتگەراکان و خاوەن مڵکە پارێزکارەکان بەرنامەکانی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەرەوپێش برد. حیزبەکان و بەریانە سیاسییەکان وەکوو حیزبی" تجدد" لە لایەن " تدین"، حیزبی ڕادیکال لە لایەن "داوەری" و حیزبی "ترقی خواە" لە لایەن "تقی زادە" و زۆریەك لەو هێزانە بوون کە ئۆگری خۆیان نیشان دا بۆ لای بەرنامە نوێخوازانە و سیاسەتەکانی ڕەزاشا. ئەوان پەیرەوییان کرد لە دیکتاتۆری دەسەڵاتخوازی کە دەسپێکیکی سەرەکییە بۆ سەرکوتی هێزە پشتیوان و داکۆکیکەرەکانی مەشرووتییەت لە ئێراندا. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە سیاسەت و بەرنامە پێشکەشکراوەکان لە قوناغی مەشرووتییەت و پاش ئەو، لە لایەن هێزە ئینقلابییەکان، دێموکراتیکەکان و سیکۆلار لە ئێراندا پشتیوانیی لێدەکرا بە چیەتیکی نائایینی و لەسەر بنەمای گوتمانی ئاوەزخوازی و ئاوەزگەری بۆ ڕزگاری لە دواکەوتوویی ئایینی، هزری، کەلتوور، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات لە بابەتگەلی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بوو. ئەم ئایدیایانە و بۆچوونە باسکراوانە بە هۆی ناوەرۆکی مودێرن، نوێخواز و عەقلانی لە دژایەتیی بنەڕەتی لەگەڵ کۆنەپارێزی، سەرەڕۆیی و دواکەوتوویییەوە کەوتە بەر دژایەتی و دوژمنایەتیی هێزە پارێزکار و نەریتخواز و ڕووحانییەت و ئەو کەسانەی ڕووحانی نین بە بەریانی ئایینەوە. ڕەزاشایش بە تێگەیشتن لەم هەڵومەرجە و بایەخ و هێزی جەماوەریی ڕووحانییەکان لە کۆمەڵگای سوننەتیی ئێراندا هەموو هەوڵی خۆی بۆ نزیکبوونەوە لە ڕووحانییەت خستەگەڕ" لە قوناغە سەرەتاییەکانی حکومەت، سیاسەتەکانی هاوڕێی و نزیکبوونەوە لە ڕووحانییەکانی خستەبەرنامەی کارییەوە و بە کەڵکوەرگرتنی ئامرازی لە ئایین و ڕووحانییەکان، یەك لە دوای یەك بە قۆناغەکانی دەسەڵاتدا سەرکەوت. دەکرێ ئەم سەردەمە بە سەردەمی ئیسلامی نوێ یان پشتبەستن بە ئیسلام ناو بنین. ئەو بە تەواوی خۆی گوێڕایل و پابەند بە شەرع نیشان دەدا و ڕێز لە دروشمە ئایینەکانی کۆمەڵگا دەگرێ، لە دەستە ماتەمینگێڕیەکانی ئیمام حسین لە مانگی موحەڕەمدا وەکوو ماتمینگێڕێکی ڕاستەقینە سەر رووت دەکا، مۆم بە دەستەوە دەگرێ، قوڕ لە تەوێڵی دەسوێ، کۆڕی ڕەوزەی دەگرت. لە ساڵی **١٣٠٣** سەفەر دەکا بۆ زیارەتی ئیمامانی شیعە، لە لایەکی دیکەوە کەسانی گەندەڵ و خراپکار دەسبەسەر دەکا و ڕۆژووخواردن لە ئیدارەکاندا قەدەغە دەکا و هانی سپا دەدا بۆ ڕۆژوو گرتن.

هەنگاوی دیکەی ڕەزا شا لەم سەردەمەدا خۆشەویستی نواندن بۆ ڕووحانییەکانە. ئەو بە پێی بۆچوونی ڕووحانییەکان، چاوپۆشی لە کۆماریخوازی دەکا، بۆ هاورێیەتی لەگەڵ ڕووحانییەکانی ئیمامزادە باڵاکان نوێنەر دەنێرێ و لەوە گرینگترە ئەوە کە بەڵێن بە ڕووحانییەکان دەدا کە ڕێسا ڕاگیراوەکان لە یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە وەکوو مادەی دووهەم لە پاشکۆی یاسای بنەڕەتی واتە چاوەدێری ڕووحانییەکان لە سەر پەسەندکراوەکانی مەجلیس بخاتە حاڵەتی جێبەجێ کردنەوە.

لاگیری ئەم دوو ئیستراتیژییە، دوو جەمسەری سەرەکیی کۆمەڵگا واتە ڕووحانییەت و خەڵك بوو. هەر بۆیە کارکردی باسکراو لەم سەردەمەدا، لە ڕەزاشا کەسایەتیکی باوەڕمەند، ئیماندار، دەمارگرژی ئایینی، ئۆگرمەند بە ئیسلام و ڕووحانییەت لە نێو خەڵك نیشان دەدا و ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو بە ڕووحانییەتی سەلماند کە مەبەستی خێری ئیسلامیی هەیە، بۆیە هەر بە هۆی ئەم کارەوە بوو کە ڕووحانییەکان لێ نزیك بووەوە و بۆ بەرەوپێش بردنی بەرنامەکانی ئیسلام لە بەرامبەر بیرۆکەکانی مەشرووتییەتدا بەو هیوادار بوون. لە بیرەوەرییەکانی سولیمان بێهبودی یەکێك لە کارگێڕانی ئەو سەردەمە کە دواتر بوو بە بەرپرسی ڕێورەسمەکانی دەرباری حەمەڕەزاشا، هاتووە کە میوانەکان و خانەخۆیێەکانی ڕەزاشا تەنیا سیاسەتمەدرانێکی گرینگی وەکوو سەید محەممەدی تدین و زیائەدین ئەلواعزین( دواتر سەید ئیبراهیم زیا) و سەید یەعقوب شیرازی( دواتر ئەنوار) نەبوون کە بە ئاشکرا لایەنگریان لە ڕەزاخان دەکرد، بەڵکوو هەندێك ڕووحانیی بەدەسەڵاتیش لە نێو ئەواندا بوون کە بریتی بوون لە: پێش نوێژی خویی، حاج ئاغا جەماڵ ئیسفەهانی، سەید محەممەد بێهبەهانی، سەید ئەبولقاسم کاشانی، حاج سەید نەسروڵڵا خۆی(تەقەوی) ئایەتوڵڵا زادەی خوراسانی( ناسراو بە ئاغازادە) و ئایەتوڵڵا شیرازی، ستایش و پشتیوان و بۆچوونی ئەرێنی یان لانیکەم ڕازی بوون و قەبووڵکردنی ئەوان بە دڵنیاییەوە بێ هۆکار نەبووە. ئەم سەردەمە لە کۆدەتای **١٢٩٩** تاکوو لانیکەم ساڵی **١٣٠٦** درێژەی کێشا. (ئایەتوڵڵا قەنبەری، ڕووحانییەت و سەردەمی پەهلەوی، ناوەندی بەڵگەکانی ئینقلابی ئیسلامی)

ئەم یەکیەتی و هاورێیەتییە لە کردەوەدا، هێمایەك بۆ نزیکبوونەوەی دامەزراوەی کولتووری سوننەتی، پارێزەرانی دامەزراوەی ئایین و پاشایەتییە. سوننەتخوازانی ئایینی لەم قوناغەدا بە هاوڕێیەتیی مودرێس لە مەجلیسدا و لە ئاستی کۆمەڵگایش پشتیوانی لە پارێزگاری دامەزراوەی پاشایەتی لە بەرامبەر کۆماریدا دەکا. هەر ئەم کەلێنە لە سەر ڕێگەی مەشرووتییەت کە بوو بە کەلێنی نێوان سوننەت و مودێرنیتە لە سەردەمی دەسەڵاتگرتنی ڕەزاشا و جێگیربوونی حاکمییەتی سیاسی ئەو و بە بەریانگرتنی بەرەو نوێخوازی بڕیاردەرانە و تاك ڕەهەندی، بووە هۆی لابردنی مەشرووتییەت و بێ ئاکامیی ئەو. دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیی و نادیمۆکراتیك لەگەڵ ئارمانەکانی مەشرووتییەت، بە سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی خۆیەوە بووە هۆی بەهێزبوونی بەرەی سوننەتگەرا و ئایینییەکان لە ئێراندا. تا ئەو شوێنەی کە لە مێژووی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران لە سەردەمی پەهلەویی باوك و کوڕدا بەردەوام هاورێیەتی، یەکیەتی و کردەوەی هاوبەشی نێوان دامەزراوەی پاشایەتی و ڕووحانییەکان بە ڕوونی دەبینرێت. ئەوان بە بۆچوونی هاوبەش و لە بەرەیەکی دژی مودێرنیتە، ئازادی و کۆمەڵگای دێموکراتیکدا کاریان کرد. سیاسەت و هەنگاوەکانی سەردەمی پەهلەوی دژی ئازادیخوازان و هێزە دێموکراتییەکان و مەشرووتەخواز لە ئێراندا بە جۆرێك پشتیوانی بووە لە ئایینییەکان، ئیسلامخوازەکان و هێزە سەرکوتکەر و نادێموکراتیکەکان. هێزگەلێك کە لە دوو بەرەدا دژی ئازادی و بە جەخت کردن لە سەر نوێخوازی، کەوناراخوازیی ئێرانی، گەڕانەوە بۆ خودی ئیسلامی، ئەرکگەرایی ئایینی و نەتەوەیی، ناوەندگەریەتی، ناسیونالیزمی بناژۆخواز و پاشایەتیی پارێزەرانە کاریان کردووە. ئەم شێواز و کردەوە سیاسییە نادێموکراتیکە بوار و بەستێنەکانی گەشەی بناژۆخوازیی ئایینی و توندوتیژیی ئایینی لە چوارچێوەی ئیسلامخوازیی سیاسی و تیۆرییە پێوەندیدارەکان بەوەی هێنا گۆڕێ. هەرکام لەم هۆکارانە بە جۆرێك لە لاوازکردنی بەرەی هێزە دێموکراتیکەکان، دامەزراوەکانی مەشرووتە، ئارمانەکان و بیرۆکەکانی ئەوان ڕۆڵیان هەبوو. ئەم هەنگاوانە لە درێژخایەن و کورتخایەندا بوونە هۆی بەهێز بوونی بیرۆکە و بۆچوونەکانی دواکەوتووخوازە سەرەڕۆییەکان لە چوارچێوەی ئایین و دامەزراوەی کەونارای پاشایەتی و بەستێنەکانی ڕەوایی بوونی ئەوان.

کۆتایی بەشی دووهەم
درێژەی هەیە.

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 621 ■ 20 Jon  2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# تێلیسکۆپی هابێل جێگای خۆی به "جیمز وێب"ی ٩ میلیارد دۆلاری دەدات



ڕێکخراوی نەتەوەیی ناسا ڕایگەیاند کە تێلێسکۆپێکی نوێی زۆر پێشکەوتوو لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨دا دەخاتە کار، بڕیار وایە ئەم تلێسکۆپە بەدواداچوون بۆ وێنە پێوەندیدارەکان بە مێژووی سەرهەڵدانی جیهانەوە بکات.

بە گوتەی ماڵپەڕی "سپێیس" ناسا تلێسکۆپە نوێیەکەی خۆی بە جیمز وێب ناودێر کردووە و تێچووی ئەم تلێسکۆپەی بە ٨,٨ میلیارد دۆلار بەراوەرد کردووە.

پێشتر تێلێسکۆپی هابێل، کە توانایەکی زۆریشی هەیە، ٦٠ کاکێشانی دوورەدەستی دۆزیبووەوە و لە بەدواداچوونێکی جیاوازدا تێلێسکۆپەکانی سپیتزێریش بە وردی توانیویانە چوار کۆمەڵەی درەوشاوەترین کاکێشانە سەرەتاییەکان بدۆزنەوە.

بە گوتەی کاربەدەستانی ناسا، بڕیار وایە کە جیمز وێب درێژەدەری ڕێگایەك بێت کە هابێل و سپیتزێر دەستیان پێکردووە.

هاوکات "ئێمر ئێشتراگن" فیزیکزانی ناسا لە وتووێژ لەگەڵ "فرینچ تریبوون"دا ڕایگەیاندووە کە تلێسکۆپی جیمز وێب نزیکەی یەك میلیۆن مایل (١٦٠٩٣٤٤ کیلۆمیتر) لە گۆی زەوی دوور دەکەوێتەوە.

# سەفەری بێ گەڕانەوە بەرەو مەریخ




ڕێکخراوێکی هۆلەندی لە نێو ٢٠٠هەزار خوازیاری سەرفەر بەرەو مریخ، لە قۆناغی یەکەمدا ١٠٥٨ کەسی هەڵبژاردووە کە ئەم کەسانە، لە ١٤٠ وڵاتی جیهانەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە.

ڕێکخراوی "مارس بێك" ڕایگەیاند کە لە قۆناغی دواییدا، لە کێبڕکێیەکی تەلەفزیۆنیدا ٢٤ کەس هەڵدەبژێردرێن.

ڕێکخراوی مارس بێك کە خاوەنەکەی، داهێنەری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی "باس لانسدۆرپ"ە، دەیهەوێ لە ساڵی ٢٠٢٥دا شەش گرووپی ٤ کەسی ڕەوانەی هەسارەی مەریخ بکات. سەفەری ئەم کەسانە بۆ گۆی مەریخ بێ گەڕانەوەیە.

لە کێشەکانی ئەم سەفەرە ئەوەیە کە دەبێ خوازیارانی ئەو سەفەرە لە ماوەی سەفەرەکەدا کە حەوت مانگ درێژەی دەبێت، بە زیندوویی بمێننەوە.

هەروەها دەبێ لە تیشکە بەهێزەکانی رادیۆئەکتیڤ لەم سەفەرەدا پارێزراو بن. ئەگەر لەم دوو مەترسییە ڕزگار بن، ئەوا هەسارەیەکی وشك بە ٦٣ پلە ژێر سفری سەرماوە چاوەڕێیان دەکات. بەشی زۆری کەش و هەوای گۆی مەریخ لە دی ئۆکسیدی کەربۆن پێکهاتووە و ئەمەش مەترسی زۆری هەیە بۆ مرۆڤ. شایانی باسە کە تا هەنووکە تەنیا مرۆئامێر(ڕۆبات) نێردراوەتە سەر گۆی مەریخ.

# کەپسولی دەرمانیی تیشکی خۆر



کۆئینتێن ڤولۆ و گوولیات دییە ڤور ئەو داڕێژەرە فەرانسەویانەن کە دەیانهەوێ بە شێوەی کەپسوولی تیشکداری هەتاو، ڤیتامین D لە نێو بازاڕدا بڵاو بکەنەوە.

کەمیی تیشکی هەتاو لە وەرزی زستاندا دەتوانێ ببێتە هۆی تێکچوونی پێست، کێشەی جەستەیی، خەمۆکی و هتد. کەواتە ئەم کەپسوولانە تیشکی پێویست و ڤیتامین D بۆ مرۆڤەکان دابین دەکات. ئەم کەپسوولانە تیشکی هەتاو لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی گۆی زەوی، وەکوو بورا بورا، مالدیڤ، هاییتی و باهاماوە بۆ تاك دابین دەکەن و تاکەکان دەتوانن تیشکی خۆری شوێنی جێی مەبەست و خوازراوی خۆیان لە پزیشکی دەرمانخانەکە داوا بکەن، بەڵام نابێ ڕێژەی زیاتر لە رادەبەدەری بەکار بهێنرێت.

ئەم کەپسوولانە لەلایەن ڤولۆ و دییە ڤەرەوە بۆ پێشانگای تیشکی لیۆن ئامادە کراوە.

## زایـــەڵـــە

فاتیح ساڵحی

### هەموو وادەکانی سەرکۆمار (ماددەی شەشەم)

مەنشووری سێهەمی حەسەن ڕووحانی ئەو ڕاگەیەنراوە ١٠ ماددەییە بوو کە تایبەت بوو بە مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیە جیاوازەکانی ئێران بە مەبەستی بەشداریی هەرچی زیاتری ئەوان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاکێشانیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان. ڕاگەیەنراوێکی ١٠ ماددەیی کە تا ئێستا هیچ نیشانەیەك نییە بۆ جێبەجێ بوون یان تەنانەت کوێرە ئومێدێك بۆ جێبەجێ کردنیان لە داهاتوودا.

ماددەی شەشەم: "لەبەرچاوگرتنی مافی پێڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی دیکە و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ئایینی و مەزهەبیی ئەوان بە دابینکردنی ئازادی لە بیروبڕوا ئایینی و مەزهەبییەکان و پێکهێنانی دەرەتانی بەڕێوەچوونی داب و نەریت و ئەرکە ئایینی و مەزهەبییەکانی ئەوان لە هەلومەرجێکی یەکساندا."

بوونی خودی ئەم ماددەیە لە بەڵێنییەکانی حەسەن ڕووحانی بۆ خەڵکانی جگە لە شیعە مەزهەب (دوازدە ئیمامی) لە ئێراندا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە تا ئێستا لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئازادیی ئایین و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی کەمینە ئایینییەکان لەبەرچاو نەگیراوە و بەردەوام مافی ئەم کەمینانە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە پێشێل کراوە.

حەسەن ڕووحانی بە دانی ئەم وادەیە توانی تا ڕادەیەك بەشێکی بەرچاو لە کەمینە ئایینیەکان بە هیوای دابینبوونی ئازادیی ئایین بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بە کەڵکئاژۆ وەرگرتن لە هەستی ئایینی و مەزهەبی ئەوان، تەرازووی دەنگدەران بە لای خۆیدا قورس بکات.

بەڵام ئەم وادەیەشی وەك وادەکانی دیکەی، بوو بە قوربانیی سیاسەتە دەرەکییەکانی ڕێژیم بۆ دەربازبوون لە قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکی کۆماری ئیسلامی و تا ئێستا نە تەنیا هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی لەم پێوەندییەدا هەڵنەگیراوە، بەڵکوو بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان و ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە لە ئێرانەوە دێنە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆمان دەردەکەوێ کە بارودۆخ و هەلومەرجی کەمینە ئایینیەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپە دەڕوات.

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی پێوەندیدار بە ئازادییە ئایینیەکان لە جیهاندا، چوارده لاپەڕەی تەرخان کراوە بە پێشێل کردن و سەرکوتی کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان لە ئێراندا و لە دەسپێکەکەیدا هاتووە: " حکوومەتی ئێران، وەك ڕابردوو ئازادییە ئایینیەکان و بیروبڕوای مەزهەبیی شارۆمەندانی خۆی پێشێل دەکات و تەنیا بە هۆی تۆمەتی ئایینی، زیندانی درێژماوە، ئەشکەنجە و ئیعدام بەسەر کەمینە ئایینیەکاندا دادەسەپێنێ."

هەربۆیە دەبینین پاش هاتنە سەر کاری حەسەن ڕووحانی، ڕێژەیەکی زیاتر لە خەڵکی ئێران کە ئایین و ئایینزایان لە ئایین و ئایینزای فەرمیی وڵات جیاوزاە، ڕۆژانە بە بیانووی جۆرواجۆری وەك تەناهی نەتەوەیی و دژایەتی لەگەڵ خودا دەکەونە زیندانەکانی ڕێژیم و لەم نێوانەدا، نەتەوەکانی ئێران زیاتر لە هەموو گرووپێکی دیکە دەکەونە بەر پەلاماری هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم.